هونەرمەند چەتۆ حەسەن:
تەنیـــا ئەزمـــوون و کـــاری بەردەوام هونەرمـەند پێـدەگـەیـەنێ.. پەرتەوازەیی هونەرمەندەکانیش هۆکارێکی سەرەکییە لە پاشەکشەی هونەر.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٢ – ٣)

* هونەرمەند چەتۆ حەسەن کەسێکی فرە بەهرەیە، ئەو خۆی لە قەرەی زۆر کایە و بواری هونەر و نووسین داوە، سەرەتا بە نووسینی تێکست دەستی پێ کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بواری نووسین لەوکاتەدا کەسێکی کەم ئەزموون بووە، ئەو تێکستەی کە ساڵی ١٩٥٩ نووسیبووی لەلای ماوەتەوە، بەڵام پاش سێ ساڵ پشتگوێی خستووە و نەگەڕاوەتەوە سەری، دواجار لێی ون بووە.

* دیارە هەر لە سەرەتاوە مامۆستاکانی، بەهرەکانی ئەویان دۆزیوەتەوە و پەیان پێ بردووە، بۆیە هەرچەندە خۆی حەزی بە وێنەکێشان و نواندن کردووە، بەڵام ئەوان بۆ دنیای مۆسیقا پەلکێش و ئاراستەیان کردووە، لەنێو دنیای موزیکیشدا پێیان ڕاگەیاندووە کە دەست و پەنجەی ئەو بە کەڵکی عوود و کەمانچە ژەنین نایەت، لەبەر ئەوە سەرەتا بە مەشق و ژەنینی ئامێری (ئۆکۆردیۆن) دەستی داوەتە فێربوونی مۆسیقا، دواتر وەک (ئۆکۆردیۆن) ژەنێک لە چەند تیپێکدا کاری کردووە، لەوانە (تیپی هونەری هەولێر) و (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)، لە چالاکی قوتابخانەکانیشدا وەک مامۆستای سروود و گۆرانی و مۆسیقا دەستبەکار بووە، هەر بەهۆی ئامێرەکەیەوە بەیانیان سروودی داوە بە گوێی قوتابییەکان و بە هەستی نیشتمانی و گیانی کوردایەتی گۆشی کردوون.

* ساڵانێکی زۆر کە مامۆستا بووە وانەی هونەری وتووەتەوە، لەپاڵ سروود و مۆسیقا خەریکی هونەری شێوەکاریش بووە و لەگەڵ قوتابییەکانی سەریان پێکدا گرتووە و حەز و ئارەزووی هونەریی لەلا جووڵاندوون، ساڵانەش هەوڵی داوە بەرهەمی هونەریی ئەو قوتابیانە لە پیشانگای هاوبەشدا بەشداری پێ بکات و وەک نەریتی ئەوساکەش بەرهەمەکانی خۆشی، وەک بەرهەمی مامۆستایانی ئەو ڕۆژگارە، شوێنی تایبەتیان پێدراوە و لەو پێشانگا هاوبەشانەدا، لەگەڵ بەرهەمی قوتابیان نمایش کراون.

* چەتۆ حەسەن لە بواری نووسینی تێکستی درامایی و شانۆییدا کەسێکە جێ دەستی دیارە، بەرهەمەکانی وەک: (هەور و سامال) و (نامە) و (مەرزی و کاکەمین) و (میوانی ناوەخت) و (تاپۆ هەقی چییە؟) و چەندان دەقی دیکەی نووسیوە و وەرگێڕاوە و ئامادەکردووە، بەمەش بەشداری لە چالاککردنی بزاڤی نووسین بۆ شانۆ و تەلەڤزیۆن کردووە، ئەوە بێجگە لەوەی خۆیشی وەک ئەکتەرێک لە ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی شانۆیی و تەلەڤزیۆنیدا لە بزاڤی درامایی و شانۆیی شاری هەولێردا بەشداریکی کارا بووە. گۆڤاری (ڕامان) ئەم نووسەر و هونەرمەندەی بەسەر کردەوە و لەسەر وێستگەکانی ژیانی هونەریی و ئەزموونی نووسینی وەستا، وەرن با خوێنەری ئەو ئەزموون و بەسەرکردنەوەی ئەو وێستگانەی ژیانی بین.

ڕامان: تۆ لە کۆمەڵێک بواردا کارت کردووە، مۆسیقا، نواندن، نووسین، شێوەکاری، زیاتر لە کامەیاندا خۆت دەبینیتەوە؟

چەتۆ حەسەن: قسەیەکی کوردی هەیە دەڵێ: دوو گندۆرە (کاڵەک) بە دەستێک هەڵناگیرێت، بەڵام من لە سێ کاڵەک زیاترم بە دەستێک هەڵگرتبوو.

ڕامان: هەست دەکەم تۆ بەهرەیەکت هەبووە، بەڵام پەرشوبڵاوت کردووە، لەو باوەڕەدام ئەگەر لە یەک بواردا ئیشت کردبا، یان ئەوپەڕی لە دوو بواردا، ئەوە زیاتر لەو یەک دوو بوارەدا دەناسرایت و زۆرتر پێش دەکەوتیت؟

چەتۆ حەسەن: بەڕای من وا چاکە مامۆستای سەرەتایی هەموو شتێک بزانێت، نواندن، مۆسیقا، تەنانەت گۆرانی و مەقامیش بزانێ، چونکە پۆلی یەک کە بە مۆسیقا وانەت فێر کرد و بە گۆرانی وانەکەت پێ گوتەوە، ئەوە بەباشی وەری دەگرێ و دەچێتە مێشکییەوە، مامۆستا هەر بۆخۆی بڕێک سام و هەیبەتی لەلای قوتابی هەیە، دیارە کە من پۆلی یەکی سەرەتاییم دەگوتەوە، قوتابی بەو کارەم خۆشحاڵ دەبوو و زوو وەری دەگرت. بۆ مامۆستا دەنگخۆشی و مەقامگوتن و مۆسیقاژەنین و نواندن زۆر گرینگە، هەیە بە جووڵە و بە نواندن وانەکە بە قوتابیان دەڵێتەوە، بۆیە ئەو بەهرە جۆراوجۆرانە سوودی زۆریان لێ وەردەگیرێ. خۆی واباشە هونەرمەند یەک ڕێچکە بگرێتە بەر، بەڵام من هەرهەموویم پێ خۆش بوو تاقییان بکەمەوە، دەچوومە لای ئەوەیان، دەمگوت نا ئەوەیانم لەکیس دەچێت؛ دەچوومە سەر ئەوەی دیکە، دەمگوت نا ئەوەم لەکیس دەچێت، وەک کاری شێوەکاریش لەگەڵ برادەران لە چالاکیی قوتابخانەکاندا پێشانگەمان دەکردەوە.

ڕامان: هیچ لە پێشانگەکانی بەغدا بەشدار نەبوویت؟

چەتۆ حەسەن: بەڵێ، لە پێشانگەی سەندیکای هونەرمەندانی ئێراق ساڵی ١٩٨٥ بەشدار بووم، جاری دووەمیشم بەبیر نایێ کەی بەشدار بووم. لە پێشانگاکانی خۆمان، لەوانەی لە کوردستان کراونەتەوە لە هەر هەموویان بەشداریم کردووە، من ئیشی فۆتۆگرافیشم هەیە، کە کۆمەڵێک پیشانگەی تایبەتی خۆم لە هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کۆیە و بەغدا بە سلایداتی ڕەنگاوڕەنگ کردووەتەوە، لە زۆر لە گۆڤارە

ئازاد عەبدولواحید – چەتۆ حەسەن

کوردییەکاندا، لە بەرگی یەکەمدا سلایدی ڕەنگاوڕەنگی منیان بڵاو کردووەتەوە، هەروەها لە هەندێک ڕۆژژمێریشدا سوودیان لە سلایدە ڕەنگاوڕەنگەکانی من وەرگرتووە.

ڕامان: چەند جار بەتەنیا بۆ خۆت پێشانگەت کردووەتەوە؟

چەتۆ حەسەن: چەندان پێشانگەی تایبەتی خۆم کردووەتەوە، پێم وایە پێنجیان تایبەت بە خۆم بووە.

ڕامان: ئەوە زۆر گرینگە، ئەی ئەوانەی کە لە دەرەوەی وڵات تێیاندا بەشدار بویت کامانەن؟

چەتۆ حەسەن: لە دەرەوەی وڵات لە هیچ پیشانگەیەکدا بەشداریم نەکردووە، جارێکیان کۆمەڵە تابلۆیەکم لەگەڵ هونەرمەند واحید مەرجان بە تەحسین تەها و فوئاد ئەحمەد کە دەچوونە دەرەوە نارد تا لەوێ نیشان بدرێن، بەڵام ئەو جانتایەی تابلۆکانی ئێمەی تێدا بوو، لە فڕۆکەخانە بزر بوو، ئێستاش نازانم بزر کرا، یان بزر بوو.

ڕامان: لەناو جانتای کامیان دا بوو؟

چەتۆ حەسەن: نازانم لەناو جانتای تەحسین تەها، یان فوئاد ئەحمەد بوو، تا لەوێ بەشداریی پێشانگەی پێ بکەین، تەنیا ئەوەندەیان گوت کە جانتاکە لە فڕۆکەخانە ون بوو و نەماندۆزیوەتەوە.

ڕامان: من دەتوانم پاساوێکت بۆ بێنمەوە کە هەندێ جار کەسێک دەیەوێ خزمەتی میللەتی خۆی بکات، دەبینێ کەلەبەری زۆر هەیە، سەیر دەکات لەولا نواندنە پێویستی بە تۆیە، دەتەوێ نواندن بکەی، بەڵام بەبێ

بوونی دەقی باش کە گوزارشت لە واقیعی خۆت و میللەتەکەت بکات، کە دەقی باش لەبەردەستدا نییە و بۆشایی هەیە، ناعیلاجی دەبێ دەقیش بنووسی، ئینجا بە هەر جۆرێک و لە هەر ئاستێکدا بێ خۆت لە قەرەی دەدەی، هەندێ جار دەق ئامادە دەکەی، هێندێک دەقی جیهانی هەن، ناوەرۆکەکەیان لەگەڵ بنیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمە دەگونجێن، تۆ یەکێک لەو دەقانە دەهێنێ و ئامادەی دەکەی، یان وەری دەگێڕیت، بۆیە زۆربەی جار دەبینی نووسەر و هونەرمەندی کورد خۆی لە زیاتر لە بوارێکدا تاقی دەکاتەوە، دەتوانم بڵێم ئەوەی تۆش شتێکە لەو بابەتە.

چەتۆ حەسەن: دەقی "هەور و سامان" وەک دەڵێن پێویستیی دایکی داهێنانە "الحاجة أم الاختراع"، ئەوەم ئەوها نووسی، ئەوکاتی لە تیپی هونەری هەولێر بووم، گوتم با شتێک بنووسم، خۆ کەس ناڵێ ئەوە دەقێک، ئەو دەقەم نووسی و وێنەی گیرا، لەپاش ڕاپەڕین دەقنووسین نەما، بۆیە لە ساڵی ١٩٩٢ "مەرزی و کاکەمین"یشم نووسی، هەروەها "چاکە غەریبە"شم نووسی، "مەرزی و کاکەمین"، ئەمەیان نەک تەنیا وەک دەق، بەڵکو لەسەر زمانی کاکەمین، شیعری زۆریشی تێدایە، فەقێیەکە لە مزگەوت دەخوێنێ، ئەوکاتی فەقێکان زۆربەیان شاعیریش بوون، بۆخۆت دەزانی زۆر مەلامان هەن شاعیریش بوون، ئەو دەقەش لەو جۆرە بوو، دەقەکە دەرهێنانی بۆ کرا، بەڵام سەروگوێی هەموو شیعرەکانیان شکاندبوو، دوو دێڕ لێرە، دوو دێڕ لەوێ، ئەو تاموچێژەی کە من دامنابوو هەیبێ، لەناو دەقەکە نەیانهێشتبوو، سەرەتا بەهیوا بوون بیکەنە یەک حەڵقە، ئەویش نەبوو، دوایی هەر بوو بە سێ حەڵقە، تێکستەکەش هەمووی تێک درا.

لەپاش ڕاپەڕین دەق نووسین نەما.. لە کاری تەلەڤزیۆنیشدا ئەکتەرمان هەیە ئێستاش کاریگەریی شانۆی لەسەر ماوە.

ڕامان: لە دەقی (مەرزی و کاکەمین)دا کە دەڵێی شیعری تێدایە، دەکرێ هەندێ لەو شیعرانەمان بۆ بخوێنیتەوە؟

چەتۆ حەسەن:

شەو دەناڵم تا بەیانی چاوەنواڕی تۆ دەکەم
ڕۆژیش دەربەدەر و شەیدا گرین و ڕۆڕۆ دەکەم
ئەمڕۆ جەژنە، لە هەموو لایەک جەژنە پیرۆزانەیە
جەژنی من گیانە ئەو کاتەیە دەست لەملانی تۆ دەکەم
عالەم غەرقی سەعادەتە باسی ئەم و ئەو دەکەن
منی بێ چارە و دەربەدەر، زیکری ناوی تۆ دەکەم
خەڵکی گەر جارێک پەرۆشە بۆ دیداری یەکتری
بە قەد بەرزی عەرز و عاسمان من غەریبیی تۆ دەکەم

ڕامان: تۆ بۆخۆت کە تێکستێک دەنووسیت دەتوانیت بەسەر ئەو حاڵەتەدا زاڵ بیت و بزانی چەند حەڵقەیە؟ بۆ نموونە بتەوێ پێنج حەڵقە بێ، یان دە حەڵقە بێ؟

چەتۆ حەسەن: ئەگەر بتەوێ ئا، بۆخۆت بتەوێ دەتوانی بەسەریدا زاڵ بیت. ئەو زمانەی کە من پێی دەنووسم، زمانێکی زۆر ئاسان و ڕەوانە، گوێ بدەرە درامای "تاپۆ هەقی چییە" شتێکی وای تێدا نییە بینەر تێی نەگات، یان ڕۆشنبیرەکان تێی نەگەن، تەنانەت ئەوەی کە خوێندەواری نییە. من کە دەنووسم، بۆ هەموو خەڵکی دەنووسم، بۆ هەمووان دەنووسم تا هەمووان تێی بگەن. "مەرزی و کاکەمین"یش هەر لەو جۆرەیە، ئەویش بەسەرهاتێکی زۆر خۆشە، ئەویشم هەر لەبەر ئەوە نووسی، ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کەس نەبوو هیچ بنووسێ، دوایی هاتە سەر شاشە و بینرا، ئینجا ئەوەی جەنابت گوتت کە دەبینی لەولا هیچ نییە، دەڵێی با بۆخۆم دەست بدەمێ و شتێک بنووسم، قابیلە چییە؟ هێندێک جار سەرکەوتوو دەبیت، هەندێک جاریش دەڵێی دە هەر لێی گەڕێ و دەستی لێ هەڵدەگریت.

ڕامان: لەو کاتەدا کە تۆ شانت داوەتە بەر نووسینی تێکست، ڕەخنەیان لێ نەگرتووی بڵێن لاوازت نووسیوە، یان کەموکوڕیی زۆری تێدایە؟

چەتۆ حەسەن: کەس ڕەخنەی وای لە من نەگرتووە، نە بە نووسین، نە بە ڕووبەڕوو، نازانم خۆشیان ویستووم، یان نەیانویستووە دڵم بشکێنن، یان هەر نووسینەکانمیان پێ باش بووە.

ڕامان: تۆ لە چالاکیی قوتابخانەکان تەنیا مەشقی کاری موزیکت کردووە، یان تێکستیشت بۆ قوتابییەکان نووسیوە و ئیشی شانۆییشت لەگەڵیاندا کردووە؟

چەتۆ حەسەن: نا من لە قوتابخانەکان کاری شانۆییم

نەکردووە، لە چالاکیی قوتابخانەکاندا تەنیا کاری موزیکم کردووە.

ڕامان: چەند ساڵ لە چالاکیی قوتابخانەکان مایتەوە، لە ساڵی چەند تا چەند؟

چەتۆ حەسەن: لە ساڵی ١٩٦٤ـەوە چوومە ئەوێ، تا ساڵی ١٩٧٠ هەر لەوێ وەک ژەنیارێک هاتوچۆم دەکرد، کە چالاکیی قوتابخانەکان لەگەڵ تیپی هونەریی هەولێر بووبووە یەک، سبەینان لەوێ بووین، ئەگەر دەرفەت هەبوایە ئێوارانیش لەوێ دەبووین.

ڕامان: تۆ ئەگەر دەکرێ بە شێوەی یەک بەدوای یەک، هەر لەو ڕۆژەوە کە لە خانەی مامۆستایان دەرچوویت، پێم بڵێی یەکەم جار لە کوێ دامەزرایت، دووەم جار و سێیەم جار لە کوێ بووی، ئاوا یەک بەدوای یەک تا ڕۆژی خانەنشین بوونت بۆمان باس بکە.

چەتۆ حەسەن: کە چوومە خانەی مامۆستایان ساڵی یەکەم، یەکەم بووم، یەکەم بووم و نەمزانیبوو کە یەکەم بووم، ساڵی دووەم دیسان یەکەم بووم، لەسەر ئاستی هەموو خانەی مامۆستایان دیسان کە یەکەم بووم پێم نەزانیبوو. ساڵی سێیەم بوو بە کێبڕکێ، چونکە ئەوەی یەکەم بوایە لە سەنتەری شار دادەمەزرا، کە زانیم کێبڕکێیە و برادەرەکانی من زۆریان حەز دەکرد من یەکەم بم، تەنانەت بەبیرم دێ لە بەشی ناوخۆیی گوتیان ئەوە سبەینێ تاقیکردنەوە دەست پێ دەکات، تۆ یەکەم دەبیت، یان نا، یان دەرفەت دەدەی فلان کەس یەکەم بێ، ناوێکیان بەدیاریکراوی هێنا، گوتم ئەوەندە حەزتان لێیە من یەکەم بم؟ گوتیان ئەی چۆن! گوتم دەبڕۆن ئەوە یەکەمم.

ڕامان: دواتر وا دەرچوو، یەکەم بوویت؟

چەتۆ حەسەن: ئێستاش باشم بەبیر دێت، یەکەم تاقیکردنەوە بیرکاری بوو، بە باشی وەڵامم نەدایەوە، گوتم لەوانەیە من سێیەم بم، ئینجا چی وەڵامی برادەرەکانم بدەمەوە، بە تایبەتی من کە بەڵێنم پێیان دابوو. خراپییەکەی ئەوە بوو لە دەوری (٨٠، ٨٥)م وەردەگرت، مامۆستایان زیائەددین قەساب و یەحیا مەرجان کە مامۆستای مۆسیقا و شێوەکاریم بوون گوتیان تۆ هیچ خەمت نەبێ، ئێمە لە وانەکانی خۆمان سەدت دەدەینێ، بۆ ئەوەی تێکڕای نمرەکانتی پێ پڕ بکەیتەوە، چونکە ژەنیار و شێوەکاریش بووم، ئینجا گوڕم هاتەوە بەر، تاقیکردنەوەکانم تەواو کرد، دیارە مامۆستا جەلال غەریب، مامۆستای عەرەبیمان بوو، هێندەی من خۆش دەویست، حەفتە نەبوو لەسەر قوتابییەک کە خەڵکی گوندێک بوو، ناوەکەی نالێم، لەگەڵ جەماعەتی پەیمانگا دوو جاران بەشەڕ نەیەت، چونکە ئێستا کابرا برادەرمە، ئەوان دەیانگوت ئەو دەبێ یەکەم بێ، ئەویش دەیگوت هەر دەبێ چەتۆ یەکەم بێ.

ڕامان: بۆچی ئەو مامۆستایە پشتیوانی لە تۆ دەکرد، یان وەک خۆت دەڵێی شەڕی لەسەر تۆ کردووە؟

چەتۆ حەسەن: ئەو دەیگوت ئەو قوتابییە، قوتابییەکی داهێنەرە، ڕۆشنبیرە، هونەرمەندە، ئازا و زیرەکە، لە چالاکییەکانی خانەی مامۆستایان هەموو خەڵاتەکانی هیناوەتەوە. ئەو مامۆستایە ڕۆژبەڕۆژ دەهات و دەیگوت بە کەس مەڵێ، دوێنێ ئەوەندەت وەرگرتووە، نمرەی دوێنێم ئەمڕۆ وەردەگرت، هی ئەمڕۆم سبەینێ وەردەگرت، تا دوایین تاقیکردنەوە تەواو بوو، سێ ڕۆژی پێنەچوو وەیسی مەحموود هاتە ماڵێ کە لەوێ فەڕاش بوو، ئێستاش ماوە، گوتی وەرە مامۆستات تۆی دەوێت، چوومە لای لە قوتابخانە، مامۆستای عەرەبیمان جەلال غەریب، ئەوەی باسم کرد و حەزی دەکرد یەکەم بم، لە بینایەکە هاتبووە دەرێ، گوتی کوڕە وەرە یەکەم بووی، ئەگەر کوڕی خۆم یەکەم بوایە، ئەوەندە خۆشحاڵ نەدەبووم و کەیفم نەدەهات، دەستی لە ملم کرد و ماچی کردم. گوتم مامۆستا ئەوە هەمووی کۆشش و زەحمەتی ئێوەیە. گوتی وەرە بەڕێوەبەر تۆی دەوێت، ئینجا بەڕێوەبەر هەر بە منی دەگوت عەنتەر، کە چووم گوتی وەرە عەنتەر، گوتم بەڵێ مامۆستا، گوتی گرووپی مۆسیقات ئامادە بکە، سبەینێ، دوو سبەی ئاهەنگی دەرچوونتان بۆ دەکەین، گوتم باشە مامۆستا.

ڕامان: ئەو ئاهەنگەتان کرد؟

چەتۆ حەسەن: بەڵێ، خەبەرم بە هەموو برادەران دا و خڕ بوونەوە، ئاهەنگ بۆ دەرچوونمان کرا، کە لە خانەی مامۆستایان یەکەم بووم، موعەدەلم ٩٢ بوو. ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوونەکە ئاهەنگگێڕ دەیگوت خەڵاتی فلان مامۆستا بۆ قوتابیی یەکەم فلانە شتە، دەچووم وەرمدەگرت و دەهاتم خوارێ، نۆرەی ئەوی دیکە دەهات، دیسان دەسووڕامەوە و دەچوومەوە سەر شانۆ، بەو گوێیانەی خۆم گوێم لێبوو مامۆستایەکی ژن گوتی باشە

ئەوانە دەبێ ئۆتۆمبێلیشی بدەنێ تا ئەو هەموو دیارییە بباتەوە مالێ! ئینجا یەکیانم دەدایە باوکم و دیسان دەگەڕامەوە سەر شانۆ، دەڵێن پیاو بەچاو دەچێت، هەر کە چوومەوە مالێ نەخۆش کەوتم، ئەوەبوو سێ ڕۆژان لەناو جێدا تا و لەرزم لێهات. دیارە کە ناوەکان بۆ دامەزراندن دەرچوو، لە ١٩٦٤/١١/٧ لە قوتابخانەی موسەننای سەرەتایی لە هەولێر دامەزرام، کە دوایی ناوەکەی بووە سۆران، ئێستا بووەتە بابان، ١١ ساڵان وانەی ئایین و شێوەکاری و مۆسیقام تێدا گوتەوە، ماوەیەک کۆمەڵایەتی پۆلی سێم وەرگرتبوو.

ڕامان: کەواتە یەکەم جار تۆ لەو قوتابخانەیە بوویتە مامۆستا، یەکسەر نەچوویتە چالاکیی قوتابخانەکان؟

چەتۆ حەسەن: نا، چالاکیی قوتابخانەکان هەموو مامۆستا بوون، بۆ ئەوێیان دەگوێزانەوە، من نوێ بووم، یەکەم جار لە قوتابخانەی موسەننا دامەزرام و دوایی ناوی قوتابخانەکە بوو بە سۆران، ١١ساڵ لەوێ وانەم گوتەوە، پاشان بریارێک دەرچوو، ٢٠٠ مامۆستای هونەرمەند، شێوەکار و ئەکتەر و وەرزشوان بۆ سەر میلاکی وەزارەتی لاوانی ئێراق گواسترانەوە، لەوێ تەنسیبی ئەمینداریەتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان بووین، ئەوجا بووم بە فەرمانبەر، وەک فەرمانبەر گواستراینەوە بۆ ئەوەی لە ناوەندی لاوانی ئەوکاتی کار بکەین، تا ڕاپەڕین لەوێ بووم، پاش ڕاپەڕین گەڕامەوە پەروەردە و تا ساڵی ٢٠٠٨ بوومە چاودێری شێوەکاری، ئەو کاتەی کە گوتیان تۆ خانەنشین کرایت و خوداحافیز کارمان پێت نەماوە، بچۆرەوە ماڵەوە دانیشە.

ڕامان: لەو کارانەی کە باسمان کردن بۆ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، تۆ تەنیا کاری موزیکت کردووە، لە کاتێکدا لەوێش بەشی نواندنیان هەبوو، بۆ ئیشی نواندنت بۆ نەکردن، یان تێکستت نەدانێ؟

چەتۆ حەسەن: بەشداریم نەکرد، بەڵام پێشانگەی فۆتۆگرافیم بۆ کردنەوە، پێشانگەیەکم لە کۆیە، یەک لە سلێمانی بۆیان کردەوە، چەندان پێشانگە لە هەولێر بوو، یەک دوو پێشانگە لەوانە لە یانەی فەرمانبەران کرانەوە، سلایدی ڕەنگاوڕەنگم بەکار دەهێنا، بە ئامێر پێشانم دەدان، هەروەها لە (هەڵەی دەرهێنەر) دەقەکەم ئامادە کرد و وەک ئەکتەر و ڕاهێنەری شانۆیی کارم کرد، پاشان لە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمارکرا، کە عیماد بەهجەت

دیمەنێک لە شانۆگەری ماڵی نوێ، لەگەڵ هونەرمەند سەلام کۆیی، ساڵی ١٩٧٥، هەولێر، کە وەک شانۆگەری لە هۆڵی گەل پێشکەش کرا

بۆمانی دەرهێنا.

ڕامان: ئەی ئەو خولیای ڕووکردنە دنیای فۆتۆگرافەت لە چییەوە هات؟

چەتۆ حەسەن: ئەویش لە سروشتەوە هات، عەوێنە ئەوەندە کاری تێکردبووم، بەتایبەت دوای ئەوەی چەند سەفەرێکمان کرد. لە قوتابخانەی ناوەندیی هەولێر بووین، گوتیان گەشتمان هەیە و دەچینە بەستۆرە، من بەستۆرەم نەدیتبوو، هەر زوورگەکانی عەوێنە و ئەوانەم دیتبوو، کە یەکەم لۆفەی بەستۆرەم لێ بەدیار کەوت، ئەو هەموو لۆفانەم بینی، ئەو هەموو گرد و چیا و دەشت و دۆڵانەم بینی، هەر سەرم سوڕما، دیمەنێکی گەلێک جوان بوو، ئێستاش ئەوە لەبیر ناکەم، دوایی بۆ مامۆستا کردمە تابلۆیەک، تابلۆکە برادەرێک ناوی تەحسین پۆدرەیە لێی ستاندم، ئێستا تابلۆی بەستۆرەی لە ماڵی خۆی هەڵواسیوە، کە لە ساڵی ١٩٦٤، یان ١٩٦٥ بوو، کامێرایەکی فۆتۆگرافیم کڕی، سەرەتا وێنەی ڕەش و سپی بوو، پاشان سلاید پەیدا بوو، کاتی خۆی فیلمی سلاید دەهات، سلایدیش کە دەشۆرێتەوە نابێتە عەکس، یەکسەر دەبێتە فیلم.

ڕامان: ئەوسا بۆ شووشتنەوە دەبوو بتناردبایە بۆ بەغدا، وانەبوو؟

چەتۆ حەسەن: من نەمدەنارده بەغدا، من لە بەغدا کارم لەسەر یەک فیلم کرد، دوایی کۆداکڕووم هات، ئەو زەرفی لەگەڵ بوو، سێ جۆر فیلمم بەکار دەهێنا، کۆداکڕووم، ئەگفا، فیلمێکی بەلجیکی دی هەبوو، ئەوە زەرفی لەگەڵ دەدرا ناوی گاف بوو، کە لە کۆمپانیا

دەتکڕی شـــووشـــتنەوەی لەگـــەڵدا بوو، کـــە پارەی شووشتنەوەکەشت پێشەکی داوە، دەبا بینێریتەوە هەمان کۆمـپـانیـا، ئۆرڤـۆ ئەڵمـانی بوو، گـاف بەڵجـیکی بوو، کۆداک بەریتانی بوو. ئۆرڤۆی ئەڵمانیا کە دەینارەوە بە لوولدراوی لەناو قـــوتوویەک دەهاتەوە، زەرفـــەکـــە ناوونیشانی کۆمپانیاکەی لەسەر نووسرابوو، کە تەواو دەبوو، تۆ بەتەنیا ناوونیشانی خۆتت لەسەر زەرفەکە دەنووسی، دەتنارد و بۆت دەهاتەوە. کۆداکی بەریتانیا وێنەکـەی لە چوارچێـوە دەگـرت و دەینارەوە، گـافی بەڵجـیکاش بە چوارچێوەوە دەینارەوە، دیارە ئەوەیان بۆ پیشاندان ئامادە بوو، بەڵام ئەوەی ئەڵمانییەکە دەبوایە بۆ خۆم لە چوارچێوەی بگرم، بێ گومان بە ئامێری سلاید دەبینرا، لەسەر شاشەی ئاسایی دەتدی.

ڕامـــان: وەک بزانم تۆ بە کـــۆڕیش هێندێک لەو سلایدانەت پێشکەش کرد؟

چەتۆ حـەسـەن: بەڵێ، لە یانەی فـەرمـانبـەران، لە سـاڵی ١٩٧٢ ئەو سلایدانەمان پێشکەش کرد، پاشان لە کـــۆیە پێـــشکەشـــمـــان کـــردن، شـانۆیەکـیـشـمـان لە کـۆیە بەناوی "سـەختـەچیی ئاخـرزەمـان" پێشکەش کـرد، دوایی بۆ پێـشکەش کـردنی شانۆیی "خاڵۆی ڕێبوار" چووینە سلێمانی.

ڕامان: شانۆیی (ساختەچیی ئاخر زەمان) سەعدوون یونس دەری هێنا.

چەتۆ حەسەن: "ساختەچیی ئاخرزەمان" دەرهێنانی سـەعـدوون یونس بوو، "خـاڵۆی ڕێبـوار" دەرهێنانی تەڵعەت سامان بوو، ئینجا پێشانگەیەکی سلایدمان لە سلێمانی و پێشانگایەکیشمان لە شاری دهۆک کردەوە، بۆ بۆنەی نەورۆز وەک تیـپی هونەریی هەولێـر چووینە دهۆک و ئاهەنگێکمـــان لەوێ ســـاز کـــرد، هەروەها نمایشـێکی سلایدیشم کرد، چوونەکـەمـان دوو ڕۆژ بوو، هەردوو ڕۆژەکـە نمایشـمـان کـرد، لە مـووسـڵـیش پێـــشـــاندانێکی ســـلایداتم کـــرد، لە بەغـــدایەش پێشاندانێکی سلایداتم کردووە.

ڕامـان: هەمـوو ئەو کـارانەت تەوەرەکـەیان سـروشت بوون؟

چەتۆ حەسەن: هەمووی سروشت و بابەتی فۆلکلۆری خۆمان بوون، بەتایبەت هی ناو هەولێر، لەسەر پەیجەکەم زۆریان بڵاوبوونەتەوە، بابەتەکـــان هی نـاو هەولێـــرن، کـەلەپوور و کـەلوپەلە کـۆنەکـانی هەولێـرن. سـەییـدی کـــوبەچی هەبوو، دوێنێ دوو وێنەم لێ بڵاوکـــردەوە، سـەییـدی کـوبەچی پێش ٤٤ سـاڵ؛ لەناو دوکـانێکی گـچکۆکە، تەشـتێکی لەپێـشـە، کـوبەیەکی سپی لەناو دەســتـە و دایهـاوێتـە ناو ڕۆنەکـەوە، شـاگـردەکـەشی کوبەیەکی سوورەوە کراو دەردەهێنێ، کە سوور بووەتەوە، ئەوی ئێستا وا ڕاوەستاوە پیر بووە، زۆر گۆڕاوە، ٤٤ساڵ زۆرە، هەردووکیم بڵاو کردەوە، تا دوێنێ کە تەماشام کرد گەیشتبووە ٣٩٠ لایک.

ڕامـــان: دیارە لە کـۆندا زۆر وێنەت گـرتووە، کـام وێنەیەت زۆر بەلای بینەرانەوە سەرنجڕاکێش بووە؟

چەتۆ حەسەن: وێنەیەکم بڵاو کردەوە، منداڵێکە گوڵی لەدەســتـە، قـەسـری خـانزاد لە پشـتی دەرچووە، قـــەســـری خـــانزاد ئەوەی بەستۆڕە، هەر بڵاوم کردەوە برادەرێک گـوتی مـامـۆسـتـا تۆ ئەو وێنەیەت لە کـــوێ هێناوە؟ ئەوە وێنەی منە بە منداڵی. گوتم نازانم ئەو وێنەیە لەلای منە، ئەوە بڵاوم کردەوە. وێنەیەکی دیم بڵاو کـــردەوە، یەکـــســـەر بە چات وێنەیەکم بۆ هات، دوو گەنج بوون دانیشتبوون، ڕیشیان هاتووە و پیرەمێردێک لەنێوانیان دانیشتووە، وێنەکە عەرەبانەیەکە لە شێخەڵلا، پرتەقاڵ و قەسپ دەفرۆشێ، دوو سێ کـەس ڕاوەسـتـاون، یەکێک لەوانە لەو کـاتەدا پرتەقـاڵ دەکـڕێ، گوتی مـامـۆسـتـا بەقـوربانت بم، ئەوەی پرتەقاڵەکە دەکڕێ، ئەوە خەزووری باوکمە، ئێستا ئەوە لە مـاڵی ئێـمـەیە، باوکم عـەمـری خـودای کـردووە، ئەو هاتۆتە پرســەکـەی تۆ بزانە ڕێکەوتی چەند ســەیر ڕوو دەدات، گوتم برام ئەوە دەعـوەتێک قـەرزدار بوون، گـوتی کـوڕە مـامـۆسـتـا سـەد دەعـوەت قـەرزدار بووین، ئەوە یادگارییەکە قەت نرخی تەواو نابێ، شتی وا نەماوە، ئەوە خەزوورم ئێستا خۆی دەبینێ چەندە جحێڵە، پاش ئەو هەمـوو ساڵە خۆی دەبینێتـەوە، ئەوە وێنەیەکی هەر زۆر جوانە.

ڕامـــان: وێنەکـانی گـرتووتە تەنیـا لە هەولێـر و دەوروبەری بووە، یان لە شـار و شـارۆچکەی دیکەی

کەس ڕەخنەی لە دەقەکانم نەگـرتووە، نازانم خۆشـیان ویستووم، یان نەیانویستووە دڵم بـشـکـێـنن، یـان هـەر نووسینەکانمیان پێ باش بووە.

کوردستانیش وێنەت گرتووە؟

چەتۆ حەسەن: تەنیا شاری هەولێر و دەوروبەری نییە، شەوێکیان وێنەی کەسێکم بڵاوکردەوە کە خەڵکی زاخۆ بوو، دوای بڵاوکردنەوەی وێنەکە بە سەعاتێک نامەیەکم بۆ هات تێیدا نووسرابوو، ئەو کەسەی کە وێنەکەت بڵاوکردووەتەوە، دوێنێ شەو کۆچی دوایی کرد، کە لە عەشیرەتی (نەتیفیە)یە لە دێیەک لە دێهاتەکانی زاخۆ.

ڕامان: ئەو زەمانەی تۆ ئیشی فۆتۆگرافت دەکرد، ئەو کەسانەی لەگەڵ تۆ ئەو ئیشەیان دەکرد کێ بوون؟

چەتۆ حەسەن: یەک کەس هەبوو، ناوی جەلال مەجیدە کە مامۆستایە، پێکەوە لە قوتابخانەی سۆران بووین، ئێستاش ماوە، کامێرایەکی کۆداکی هەبوو، منیش کامێرایەکی پێنتاکۆنم لە برادەرێکی خۆمان کڕی کە ناوی شەفیق محەمەد بوو، ئەوکاتە سەرۆکی کۆمەڵی هونەر و وێژەیی کوردی بوو، بە داخەوە ئێستا نەماوە، بە ٨٠ دینار لێم کڕی، پێش ئەوە یەکێکی دیم هەبوو ناوی یاشیکا بوو، یابانی بوو، لە غەفوور مەعرووفم کڕی، بەوەیان زۆر وێنەم گرت، ڕۆژێک ئەو برادەرە گوتی دیارە تۆ مەراقت کامێرایە، گوتم زۆریش، گوتی کامێرایەکی زۆر چاکم هەیە کە لە ئەڵمانیا کڕیومە. گوتم نایفرۆشی؟ گوتی با. گوتم بە چەندی؟ گوتی بە ٨٠ دینار، ئەوە لە حەفتاکان بوو، کەم، زیاد؟ گوتی مامۆستا بۆ خۆم ٨٠ دینارم پێ داوە، بەڕاستی کامێرایەکی زۆر ڕاقی بوو، ئەوکاتە خێرایی کامیرا نەبوو ٢٠٠٠ بێ، خێرایی ٢٠٠٠ گەلێک زۆرە، کلاشینکۆفت بتەقاندباو وێنەت گرتبا، وێنەی ئەو گوللەیەی کە دەردەچوو دەیگرت، خێرایی ٢٠٠٠ لە سانییەیەکدا گەلێک زۆرە، عەدەسەشی ١ و ٤ بوو، واتە دەتتوانی بە مۆمێک وێنەی پێ بگریت، (کەمال)ی وێنەگر دەیگوت تەنیا بزانم خێرایی ئەوە چۆن ٢٠٠٠ـە.

ڕامان: کەمال کێ؟

چەتۆ حەسەن: کەماله کەڕ هەبوو، باشترین وێنەگری هەولێر بوو. ڕۆژێک گوتی ئەو کامێرایەم دەدەیەی هەر ئەمشەو لەلام بێ و لە ماڵێ تەماشای دەکەم، دڵم نەهات دڵی بشکێنم، لە بەغدا عێراقی سپۆرت هەبوو، چەند جار پێی گوتم کامێراکەم بدەیێ، کامێرایەکی نیکۆنی عەدەسە یەک لەسەر یەکت دەدەمێ. یەک لەسەر یەک

دیمەنێک لە کاتی تۆمارکردن لە بەرنامەی خەرمانی نیگا، کە لە تەلەڤزیۆنی نیگا پێشکەش دەکرا، ساڵی ٢٠١٢، گوندی شیوەڕا لە دەڤەری بادینان.

هەر زۆر عەجایبە، چونکە فلاشی ناوێ، دەمگوت ناتدەمێ، بەڵام دام بە کەمالی وێنەگر، شەو بردییەوە ماڵێ، کەمال بۆ نایکاتەوە! دەنگی نەکرد، تا قەپات هێنایەوە و دایەوە من، گوتی شتێکی زۆر عەنتیکەیە، گوتم چییە؟ گوتی هۆی خێرایی ئەو کامێرایە ڕۆنەکەیەتی، تانکییەکی بچووکی پڕ لە جۆرە ڕۆنێک لەسەرەوەی بوو، گوتی تانکییەکی بچکۆلەی هەیە، بە زەبری ڕۆنی ئەو تانکییە، خێراییەکەی دروست دەکات، کاتێ وێنەم پێ گرت گوتم ئەوە ئەو وێنەیە بۆ وای لێ دێت؟ چووم پێم گوت کەمال کامێراکەت لێ تێک داوم. ئۆتۆماتیکی هەبوو دامدەنایەوە، دە سانیە، بیست سانیە بوو، نزیکەی یەک دەقە دەچووی ڕادەوەستای تا کاتەکە تەواو دەبوو و وێنەکەی دەگرت. ئیدی کە کامێراکەی لێ تێک دام، قەدەمم شکا، ئەوەبوو چوومە عێراقی سپۆرت و گوتم ئەوە عەدەسەکە، کامێراکە پیرۆزی خۆت بێ. گوتی بۆ؟ گوتم حاڵ و مەسەلەکەی ئاوایە، تۆ زۆر مەراقت لێ دابوو، عەدەسەکەم دایێ، هێندی پێ ناخۆش بوو، بە تۆپزی چل دیناری دامێ، گوتم نامەوێ، گوتی دەبێ ئەو چل دیناره وەرگری، پاش ماوەیەک چووم لە مووسڵ بە ١٤٠ دینار کامێرایەکی یابانیم کڕی، ناوی تۆپکۆن بوو، ئەوجا بەوە وێنەم دەگرت، ئێستا ئەو وێنانەی هەمن، بە هەر سێ کامێراکە گرتوومن، یەکیان پێنتاکۆن، لەگەڵ ئەو تۆپکۆنە، سێیەمیان ناوی یاشیکا بوو.

ڕامان: کۆی ئەو پێشانگایانەی بۆ کاری فۆتۆگرافی کردووتنەوە چەند دانەیە؟

چەتۆ حەسەن: نزیکەی شەش بۆ هەشت پێشانگە دەبن.

ڕامان: ئەو ئەرشیڤی وێنانەت هەمووی لەلای خۆت پاراستووە؟

چەتۆ حەسەن: بەڵێ، ئەوانەم هەمووی ماوە، بەرەبەرە ئەوە لە پەیجی خۆم بڵاویان دەکەمەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بیانبینێ، ئەوانی دیکەش ماونەتەوە. پێشانگەیەکی دیکەی فۆتۆگرافیم بە وێنەی چاپکراو کردەوە، ٧٥ سلایدم کردۆتە وێنە، لە گەلەریی شانەدەر پێشانگەیەکم کردەوە، سێ ڕۆژ خەڵک هاتن بینیان، شتێکی زۆر جوان بوو، هەمووی لەبارەی شاری هەولێر بوو، لایەنە کۆنەکانی هەولێر و دەستڕەنگینەکانی هەولێر بوو.

ڕامان: تۆ لە کۆمەڵەی فۆتۆگرافەرەکانی کوردستان ئەندامیت؟

چەتۆ حەسەن: نا، تەکلیفیان لێ نەکردووم. پێشتر لە کۆمەڵەی فۆتۆگرافەرانی ئێراق ئەندام بووم.

ڕامان: سەیرە ئەوە تەکلیفی بۆچییە؟ دەبوو تا ئێستا لە کۆمەڵەی فۆتۆگرافەرانی کوردستان ئەندام بیت؟

چەتۆ حەسەن: تا ئێستا پێیان نەگوتووم و وەک دەڵێ پێکیان نەکردووم و پێیان نەکردوومەوە، دەنا فارس سەعدی قوتابیی خۆمە.

ڕامان: ئێوە بۆ ئیشکردن لە بواری هونەردا، بەتایبەتی لە شانۆی ساڵانی شەستەکاندا کێشەی ئافرەتتان نەبوو؟

چەتۆ حەسەن: کێشەی زۆرمان هەبوو، بەڵام بۆ ڕەگەزی ئافرەت کەسانی باشمان بۆ پەیدا بوو، (شەوقییە شەوکەت)مان هەبوو، لە نواندنی تەلەڤزیۆنیی "مەرج"، بەشداری کرد. پاش ئەو کچێک هات ناوی نەسرین عەبدولقادر بوو، چووینە بەغدا لە میهرەجانی هونەری کوردی بە "لافاو"، کە دەرهێنانی خۆم بوو، نووسەرەکەیشی عەبدولغەنی عەلی یەحیا بوو بەشداربووین، ساڵی ١٩٧٤ نەسرین عەبدولقادر لەگەڵمان هات و بەشداریی تێدا کرد، لەوێ هەڵاتین، گوتیان هەڵێن دەتانگرن.

ڕامان: ئەوەی ساڵی ١٩٧٤، پێش دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی ئێراق، میهرەجانی یەکەمی هونەری کوردی بوو.

چەتۆ حەسەن: حەمودی حارسی دەرهێنەری تەلەڤزیۆنی بوو، لەبیرمە لەنێو پەخشەکە کە لە بەغدا پەخشی ڕاستەوخۆ کرا، ئەوە دەرهێنانی من بوو، ئەوەم دەرهێناوە، هەروەها بۆ دەرهێنانی تەلەڤزیۆنیش "هەڵەی دەرهێنەر"م دەرهێناوە، کە نووسینی محەمەد سدیق مەحامی بوو، ئەویش بەسەرهات و حیکایەتێکی گەلێک لەبار و خۆشە.

ڕامان: هەر ئەو دووانەت دەرهێناوە؟ ئەی بۆ دەرهێنانی شانۆیی چی؟

چەتۆ حەسەن: لە تەلەڤزیۆن هەر ئەو دووانەم دەرهێناوە، دەرهێنانی تەلەڤزیۆنی لە بەغدا عیماد بەهجەت کردی، بەڵام ئامادەکردنەکەی و ڕاهێنانەکانی من کردم، "لافاو"ی عەبدولغەنی عەلی یەحیاش دەرهێنانی شانۆیی من بوو.

ڕامان: ئەو کاتە لەگەڵ عەبدولغەنی عەلی یەحیا پێکەوە فەرمانبەر بوون ؟

چەتۆ حەسەن: نا، من ئەوکاتی مامۆستا بووم.

ڕامان: دەقەکەی بەتایبەتی بۆ تۆ نووسیبوو؟

چەتۆ حەسەن: نەخێر، دەقەکەی نووسی و دایە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، کۆمەڵیش دایان بە من و گوتیان دەری بهێنە.

ڕامان: وەک دەردەکەوێ تۆ بە زۆری لەو کارانەدا بەشدار بوویت، کە خۆت دەرهێنەر، یان نووسەریان بوویت، یان نواندنت تێدا کردوون، شتێکی ئاوا لە ئارادا نەبووە؟

چەتۆ حەسەن: نەخێر، (حەمەدۆک) هونەرمەند تەڵعەت سامان دەربهێناوە و بەشداریم لەویشدا کردووە، لە (ئەفسانەی چیای ئاگری) بەشداریم کردووە، کە من نە نووسیومە و نە دەریشم هێناوە.

ڕامان: ئەوانە تەنیا بە نواندن ئیشت تێدا کردوون؟

چەتۆ حەسەن: بەڵێ، یەکێکی دی قەڵای دمدم بوو، کە هی تەڵعەت سامان بوو، بەشداریم تێدا کرد، ئەوە نە نووسینی خۆم بوو، نە وەرگێڕانی من بوو.

ڕامان: کەواتە لە ڕۆژگاری کاری ئێوەدا، لە نواندندا چ بۆ شانۆ، یان بۆ تەلەڤزیۆن، ناعیلاج نەبوون لەو کاتانەدا پیاو دەوری ژنتان بۆ ببینێت؟

چەتۆ حەسەن: پێش ئێمە ئەوە هەبوو، تیپی هونەری هەولێر پێش ئەوەی من بچمە ئەوێ، چەند نواندنێکیان پێشکەش کرد، "چڵپاو" و "مارەیی" و "مەسەلەی شارێک" و ئەوانە، هەمووی عەبدولڕەزاق شەمسەددین، سەلام کۆیی، جەلال بەیار و ئەوانە لە نواندنەکاندا دەوری

ژنیان دەدیت، پاشان دڵپاک تاهیر لە "لۆ تێم ناگەن"دا لەگەڵمان بەشداریی کرد، لە هەشتاکان و لە "مۆڵەت"ی مـحـێـدین زەنگەنەدا، سـوهام حـەسـەن وەک ئەکـتـەر بەشـداریی کـرد. شلێـر کـۆیی لە "هەور و سـامـاڵ"دا بەشـداریی کـرد. دڵپـاک تاهیـر لە "کـەوەکـانی قـەرچووغ"یشدا بەشدار بوو، بەڕاستی داهێنانی کرد، شێوەزاری دڵپاک تاهیر سلێمانی بوو، لە شانۆیی "لۆ تێم ناگەن"دا بە شێوەزاری کرمانجێکی دەشتی هەولێر نواندنی کرد کە هیچ جیاوازی لەگەڵ هەولێرییەک نەبوو.

ڕامان: ئەو تیپە مۆسیقییانەی تێیاندا بەشدار بوویت کامانە بوون؟

چەتۆ حەسەن: تیپی هونەری هەولێر، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لەگەڵ تیپی هونەری مامۆستایان، وەک دامـەزرێنەریش لە کـۆمـەڵی هونەر و وێژەی کـوردی مۆڵەتمان وەرگرت و بووینە لقێک لە کۆمەڵی سلێمانی، لە یەکـەم هەڵبـژاردندا، بە جـێگری سـەرۆک دەرچووم، هونەرمەند سابیر عەبدولڕەحمان بوو بە سەرۆکی تیپ.

ڕامان: کـۆمـەڵی هونەر و وێژەی کوردی، مـەڵبـەندە گشـتـییەکەی سلێمانی بوو، ئەوە بیرۆکەی کێ بوو کە لقی کۆمەڵ لە هەولێر بکرێتەوە؟

چەتۆ حەسەن: تەڵعـەت سامان و مسـتـەفا ڕابەر و ئەوانە پێکەوە بوون، لقیان لە هەولێر دامەزراند، پاشان ئێمەش چووین لە کۆیە لقێکمان کردەوە، تیپی هونەر و وێژەی کوردی، لقی کۆیە ئێمە دامان مەزراند.

ڕامان: ئەو ڕۆژگارە جموجووڵ و چالاکیی کۆیە باش بوو؟

چەتۆ حەسەن: بەڵێ، زۆر باش بوو.

ڕامان: چالاکییەکان زیاتر شانۆیی، یان مۆسیقایی بوون؟

چەتۆ حـەسـەن: ئاگـام لێـیـان نەبوو، بەڵام چووین لەوێش ئەو لقەمان کردەوە.

ڕامـان: ئەی تـیـپی شـانۆ و نواندن، ئەو تـیـپـانەی تێیاندا بەشدار بوویت، بێجگە لە تیپە مۆسیقاییەکان کامانەن، ئەگەر ناویان بڵێی؟

چەتۆ حەسەن: تیپی هونەری هەولێر بوو، کۆمـەڵی هونەر و وێژەی کـوردی، وەک دەرهێنەر و لە "هەڵەی دەرهێنەر"یشدا دەوری مەعاونی پۆلیسەکەم دیت.

ڕامان: ئەی (بۆرەپیاو) کێ نووسیبووی؟

چەتۆ حەسەن: مستەفا ڕابەر نووسیبووی، خەلیل یابە و تەڵعـەت شـێخ مـحـەمـەد و چەند هونەرمـەندێکی دی بەشداریـیـان تێدا کرد، پاشان لە تیپی شانۆ و هونەرە میلـلییەکان کارم کرد.

ڕامـان: ئەی لە تیـپی هونەری نوێ لە هەولێـر، ئەو شـانۆیەی بەناوی (مـاڵی نوێ) نەیانهـێـشت پەخش بکرێت، لەوەیاندا چیت کرد؟

چەتۆ حـەسـەن: تەنیـا ئەو نواندنەم لەوێ کـردووە، ئەویش وەک ئەکتەر.

ڕامان: تۆ وەک کەسێک کە تەمەنێک مامۆسـتـا بوویت، لە چالاکیی قوتابخانەکان و لە تیپەکان دەورت گێڕاوە، ئەو خەڵکانەی کە لەبەر دەستی تۆدا پێگەیشتن و لە بواری هونەردا چاویان کـردەوە، دەتوانی پێـمـان بڵێیت کێ بوون؟

چەتۆ حـەسـەن: کەمـال سـەعـدی بوو بە شـێـوەکـار، فەیسەڵ عوسمان بوو بە شێوەکار، ئەوانە قوتابیی من بوون، ئێـسـتـاش لە نووسین و چاوپێکەوتندا ئامـاژە بە ڕۆڵی من دەکەن. قوتابی دیم زۆرە کە ئێستا نایانبینم، ئەوانەی کـە دەیانبـیـنم هەر ئەوانەن، ئەوانەش بوونە شێوەکار.

ڕامـان: کـەس هەیە تۆ دەورت لە پێگەیاندنیـدا هەبووبێ، دواجـار نکولی لەوە کـردبێ و دانی بە مامۆستایەتی و کارەکتەری تۆدا نەنابێت؟

چەتۆ حەسەن: ئەوەی من دەیزانم، هەندێکیان دەڵێن مـامـۆسـتـا من بوومـە حـاکم، ئەوەی دی دەڵێ بوومـەتە دوکـتـۆر، ئەوانە زۆریان لە سـەرەتایی وانەم پێ گـوتوون، ئەوەی کـە نەبووەتە هیچ شـتـێک، باشـتـرین فـیـتـەرە و ئێستا لە پیشەسازییە، لەوێ دەستەیەک برادەرم هەن هەر قوتابیی خۆمن.

ڕامـان: کـە یەکـەم جـار لە قـوتابخـانە دەسـتـبـەکـار بوویت، کـەوتیـتـە سـەر ئەوەی وێنە بە پۆلی یەکـەکـان بڵێیتەوە، ئەمەیان چۆنە؟

چەتۆ حـەسـەن: کە یەکەم ڕۆژ چوومە قـوتابخـانە، لە ئیدارەی قوتابخانەکە بەڕێوەبەر کەمال شاکر گوتی یاخوا بەخێر بێی کوڕی خۆم، حەزت لە چ وانەیەکە بیڵێیتەوە، گوتم پۆلی یەکم دەوێ. پێکەنی و گوتی مامۆستا تۆ تازە هاتووی و پێت ناوەتە ناو قـوتابخـانە، پۆلی یەک بە تۆ دەگوترێتەوە؟ گوتم مامۆستا بۆ ئەوە دەڵێی، تۆ پۆلێکم

بدەیێ، ئەگەر ڕات لێ نەبوو، لێم بستێنەوە. بە فەڕاشی گوت بچۆ مامۆستا شاکر (مەبەستی شاکر مەعرووف)ـە و مامۆستا نیازی (مەبەستی نیازی غولام)ـە هەردووکیان ئاگادار بکە با بێن، یەکێکیان دوو پۆلی یەکی هەبوو، بەڕێوەبەر گوتی کێ پۆلەکەی خۆی دەداتە مامۆستا، مامۆستا شاکر هەر پۆلێکی هەبوو، مامۆستا نیازی گوتی هی من دوو پۆلە، با پۆلێک ئەو بیلێتەوە، پۆلێکم وەرگرت، کە وانەم دەگوتەوە شێوازێکی تایبەتیم لە وانەگوتنەوەدا پەیڕەو دەکرد، بۆ ئەوەی قوتابییەکانم بچنە ناو وانەکەوە و هاندەرێک بێت بۆیان؛ بۆ نموونە کە ئەمڕۆ پیتی "ب"م دەگوتەوە، لە ماڵ دادەنیشتم و لەسەر کارتۆن پیتی "ب"م بە گەورەیی دەنووسی و هەموویم بە چوکلێت (نوقڵ) دەچنی، بەقەدەر ژمارەی قوتابییەکان کە سی و دوو قوتابیم هەبوو، سی و دوو چوکلێتم لەو پیتەی چوارچێوەکەم بۆ دەکرد دادەنا، ناوەکەشم پێ پڕ دەکردەوە، دەمبردە پۆل و دامدەنا، کە وانەکەم دەگوتەوە دەمگوت ئێستا کێ دەیخوێنێتەوە و دەچێ بنووسێ "ب" تا چوکلێتێکی لێ بکاتەوە، ئینجا هەمووان لەپێش خۆیانەوە ئاوایان دەکرد، تا خۆی فێر دەکرد، دەمگوت وەرە بخوێنەوە و بنووسە "ب" چوکلێتێک لێ بکەرەوە، ئەوانەی دەمانەوە و نەیاندەزانی، دەمگوت کوڕە وەرن لەبەر خاتری ئەوانە، ئێوەش چوکلێتێک بەرن، بەڵام سبەینێ فێر بن.

ڕامان: کەس لەدوای تۆ هەیە پەیڕەوی لەو شێوازی وانە وتنەوەیە کردبێ؟

چەتۆ حەسەن: نازانم پار بوو، یان پێرار، کچی خوشکی خێزانی ئەژی کوڕم، گوتی مامۆستایەکی پیاو وانەی پێ دەگوتین، گوتی پرسیاری لە قوتابییەک کرد، قوتابییەکە وەڵامی دایەوە، چوکلێتێکی لە گیرفانی دەرهێناو دایە قوتابییەکەی، قوتابیان هەموو پێکەنین، گوتی بە چ پێدەکەنن؟ گوتیان مامۆستا ئەو چوکلێتە چییە؟ گوتی ئەوە دەزانن کێ منی فێری ئەو چوکلێتە کردووە، مامۆستا فلان کەس، هونەرمەند فلان، گوتی دەیناسن؟ هەموو گوتیان بەڵێ، گوتی لە سەرەتایی وانەی ئەوها بە ئێمە دەگوتەوە، تەمەننام دەکرد و دەمگوت تەنیا ببمە مامۆستا، لاسایی ئەو دەکەمەوە، ئێستاش تا خانەنشین دەبم و وانە دەڵێمەوە، نابێ چوکلێت لەناو باخەڵی من تەواو بێت، بۆیە دەڵێم وانەگوتنەوە ئەگەر هاندانی تێدا نەبێت، وا باشە مامۆستا وانە نەڵێتەوە، ئێستا بەداخەوە مامۆستای داماو وانەی چی بڵێتەوە؟ خەمی نان بخوات، خەمی مووچەکەی بخوات.

ڕامان: تۆ لە بواری کاری شانۆیی و شێوەکاری و مۆسیقا و ئەوانە هەمووی کارت کردووە و چالاکیت نواندووە، بۆ ئەو سێ هونەرەش پێویستت بە هۆڵی چاکە، ئەو هۆڵە بۆ شانۆ دەبێ تایبەتمەندی خۆی تێدا بێ و لەبار بێ بۆ ئەوەی نمایشی تێدا بکرێ، پێم باشە باسێکی ئەوە بکەین، لە زەمانی زوو، لە شەستەکانەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، ئەو هۆڵانەی کە بۆ شانۆ لە هەولێر هەبوون و هەن، ئایا ئەوانە لە ئاستی خەون و خواستی هونەرمەندێکی شانۆدا بوون، یان نا؟

چەتۆ حەسەن: کورد دەڵێ پیاو دەبێ بەقەدەر بەڕەی خۆی پێ ڕاکێشێ، هۆڵی گەل زۆر باش بوو، بەداخەوە تێکیان دا، قەت نەدەبوو ئەو هۆڵە تێک بدرێت، مێژووی هەولێر بوو.

ڕامان: دەڵێن دایانناوە باشتر لە جاران دووبارە بنیادی بنێنەوە.

چەتۆ حەسەن: خۆزگە قەت دووبارە نەکرابایەوە، هەموو هونەرمەندان لەوێ پەروەردە بووین، یادگاری تفتوتاڵ و سوێرمان لەناو ئەو هۆڵەدا هەیە. هۆڵی گەل بۆ شانۆ، هۆڵێکی زۆر لەبار بوو، بەو ئیمکانیەتە کەمەیەوە، کە لەوێ هەمانبوو، باشترین شاکاری شانۆگەریی تێدا پێشکەش دەکرا، ئیشە گەورەکان لەوێ پێشکەش دەکران، وەک هۆڵ، وەک جێگەی دانیشتنی بینەران، وەک دەنگ، وەک جێی خۆگۆڕین و هەموو تایبەتمەندییەک، هیچ عەیبی نەبوو، بەڵام بەداخەوە تێکیان دا. پاش ئەو، هۆڵی ڕۆشنبیری بە پلەی دووەم دێ، ئەویش باش بوو، دوایی هۆڵی میدیا، ئەو سێ هۆڵە بەڕاستی باش بوون، بەڵام باشترین و لەبارترین هۆڵ، هۆڵی گەل بوو کە هۆڵێکی زۆر باش بوو، هونەرمەندان یادگارییان لەگەڵی هەبوو، کە ئەوێیان ڕووخاند، هەموو خەم و پەژارە دایگرتین.

ڕامان: ئەو هۆڵانەی تۆ باست کردن، ئەوانە هەرسێکیان ئەو هۆڵانەن، کە پێش ڕاپەڕین دروست کراون، لە دوای ڕاپەڕین، بە تایبەتی پاش ئەوەی ئیمکانیەتی باش لە ٢٠٠٣وە هەبوو، ئێوە وەک

هونەرمەندان بۆ گوشارێکتان لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری دروست نەکرد، چ لە ئاستی تیپەکان و چ وەک سەندیکای هونەرندان و چ وەک تاک بە تاکی هونەرمەندەکان، تا بە هەموو لایەک هەوڵ بدرێ شانۆیەکی مۆدێرن دروست بکەن، کە لە ئاستی شانۆیەکانی جیهان بێت، بۆ ئەوەی بتوانن مەغزا و هونەر و تەکنیکی شانۆیەکانتان بە جوانی بە بینەران بگەیەنن؟

چەتۆ حەسەن: من لە کەشەکە دوور کەوتمەوە، لە نواندن و لە شانۆ و شتی وا دوور کەوتمەوە، بەڵام خۆ سەندیکای هونەرمەندان هەبوو، دەبوایە ئەوان ئەو کارە بکەن. پێش ئەوەی هۆڵەکە تێک بدرێ، ئەوەی بۆی دەکرا تەنیا هێندێک نۆژەنکردنەوەی ناو هۆڵی گەل بوو، بەڵام هۆڵ کەرەستە، ڕووناکی، دەنگ و شتی وای دەوێت کەوا لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم بگونجێ، ئێمە لەوێ دەبوایە بە هەموو دەنگی خۆمان هاوار بکەین، ئەگەر دوو کورسییان بجووڵاندبایەوە، ئەوە دوو دیالۆگ لەکیس بینەران دەچوو، بەڵام خەڵکەکە ماڵیان ئاوا بێ، دۆخەکەیان ڕادەگرت. بەو دواییە لە هۆڵی گەل کورسی دانرا، دەنا پێشان کورسی هۆڵی گەل تەنەکە بوو، بۆیە دەڵێم هەر کورسییەک جووڵابایەوە، دیالۆگێک لەکیس خەڵکەکە دەچوو، لەو دواییە باش بوو، هۆڵ دەبی ڕووناکی هەبێت، هەر دیمەنێک ڕووناکی خۆی دەوێت، میکسەری دەوێ، ئامێری دەنگی بەهێزی دەوێت، دیکۆری دەوێت، نازانم بۆ ئەوانەیان نەکرد.

ڕامان: ئەی ئەو هۆڵانەی کە نمایشی کاری شێوەکارییان تێدا دەکرا، یان ئەو نیگارخانانەی تابلۆتان تێدا دەکرد، یان کاری فۆتۆگرافی تێدا نیشان دەدرا چۆن بوون؟

چەتۆ حەسەن: هەموو جارێ لە هۆڵی ئەیووبییەی کچان پێشانگە ساز دەکرا، پاشان هۆڵی قوتابخانەی سەفینی کچان، کە شوێنی هوتێلی شیراتۆنە، لەبەر شیراتۆن تێک درا، پێشانگای ساڵانەی هەموو قوتابخانەکان لە ئەیووبییە دەکرا، پاشان سەفین بە پلەی دووەم دەهات، ئینجا هۆڵی میدیا کە هۆڵێکی تایبەتی بوو دروست کرا، ئەو هۆڵە یەکەمین پێشانگەی تێیدا کرایەوە، هی هونەرمەندانی هەموو کوردستان بوو، محەمەد ئەمین محەمەد ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان بوو، کە پێشانگەکە کرایەوە، بڕیارێک هەبوو هۆڵەکە بکرێتە پاشکۆی هۆتێل هەورامان تا بیکەنە چێشتخانە و بەو هۆڵەوەی بلکێنن، پێم گوت تەماشای پێشانگەکەت کرد؟ گوتی بەڵێ. گوتم هۆڵەکە چۆنە؟ گوتی باشترین هۆڵە. گوتم ئەوە بڕیارە بیدەنە هۆتێل هەورامان، بۆ ئەوەی بیکەنە چێشتخانە.

ڕامان: کەواتە تۆ ئەو پێشنیارەت کرد ئەو پرۆژەیە سەرنەگرێ و هۆڵەکە بمێنێتەوە؟

چەتۆ حەسەن: خۆم لەگەڵ مامۆستا محەمەد عەلی عارف و دارا محەمەد عەلی هەرسێکمان، ئەوە دارا محەمەد عەلی ماوە و شایەدە، گوتم توخوا حەیف نییە ئەم هۆڵە تێک بدرێ؟ باشە لەمەولا لە کوێ کارەکانمان نمایش بکەین؟

ڕامان: ئەوە ساڵی چەند بوو، ئەو قسانەت لەگەڵ ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاواندا کرد؟

چەتۆ حەسەن: ساڵانی هەشتاکان بوو، پێشانگەکە هی هونەرمەندانی کوردستان بوو، هی هونەرمەندانی هەولێر، دهۆک، سلێمانی و هەموو شار و شارۆچکەکان بوو، بەڵام بە تەواوی نازانم ساڵەکەی چەندە، لەلای خۆم نووسیومە. ئەمینداری گشتی گوتی نا، ئەو هۆڵە دەبێتە جێی دیداری هونەرمەندان و بۆ پێشانگاکان دەبێ بمێنێتەوە، ئیتر هۆڵەکە قوتاری بوو و نەبووە چێشتخانەو بە هۆتێلی هەورامانەوە نەلکا.

ڕامان: تۆ دڵنیای مانەوەی هۆڵەکە لەسەر پێشنیار و قسەی ئێوە بوو کە گوێی لێ گرتن و وەک خۆی هێشتییەوە؟

چەتۆ حەسەن: بەڵێ، لەسەر پێشنیاری ئێمە هێشتییەوە، من ئەوە بۆ مێژوو دەڵێم، ئەو پیاوە کەسێکی تێگەیشتوو بوو.

ڕامان: ئەی لە بواری مۆسیقا، کە لەو بوارەشدا بەشداریت کردووە و لە چەندان تیپی مۆسیقادا دەورت گێڕاوە، ئەو هۆڵەی بۆ کاری گۆرانی و مۆسیقا گونجاو بێ و تایبەتمەندیی خۆی هەبووبێ کامەیە؟

چەتۆ حەسەن: تەنیا لە هۆڵی گەل مۆسیقامان لێداوە، ئەگەر نا ئەوی دی هەمووی لە دەرەوە بووە، واتە لە دەشتودەر بووە، لەناو جەماوەر ئاهەنگی نیشتمانی کراوە، وەک نەورۆز لە بەستۆرە کردوومانە، یەکەم نەورۆز کە لەناو کوردان کرا، دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار

چوار ڕۆژ چووینە چۆمـــان و ناوپردان و لە دەشـــتـــودەر ئاهەنگ کرا.

ڕامان: لەگەڵ کام تیپ ئەو ئاهەنگانە ساز کران؟

چەتۆ حەسەن: تیپی هونەری هەولێر، وێنەکەیم هەیە.

ڕامان: مامۆستا جەمال هیدایەت سەرپەرشتی دەکردن؟

چەتۆ حەسەن: بەڵێ، لە وێنەکەدا دیارە سوڵتان عەبدوڵڵا و جەمال هیدایەت هەموو ڕاوەستاوین.

ڕامان: لەو ئاهەنگەدا بوو ئەوەی ئیقاعی لێداوە کەوتووە؟

چەتۆ حەسەن: ئەوە عەدنان مەلا بوو، لەکاتی ئیقاع لێداندا، زەنگەسۆرە (زەردەواڵە) هات، عەدنان مەلا ڕاست وەرسووڕا و بە کورسی و بە دمبکەوە بە پشتدا کەوت، ئەو کاتە کاک مەسعوود و کاک ئیدریس بارزانی دانیشتبوون.

ڕامان: جەنابی بارزانی لەوێ ئامادە نەبوو؟

چەتۆ حەسەن: ئەوەیان نازانم و بەبیرم نایەت، بەڵام شەهید فرەنسۆ هەریری لەوێ بوو، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی هەمووی لەوێ بوون، بەهۆی ئەوەوە بوو بە پێکەنین و بەزمێکی خۆش لەو ئاهەنگە.

ڕامان: زۆرجار لەلایەن تەلەڤزیۆنی کەرکووک، یان بەغداوە وێنەی نمایش و دراماکانتان، یان هێندێک جار گۆرانی و مۆسیقاکانتان گیراوە، ئەوەیان چۆن پێک دەهات، ئێوە زیاتر لە ئیشی کەرکووکییەکان ئاسوودە بوون، یان ئیشی بەغدا؟

چەتۆ حەسەن: زیاتر لە هی بەغدا ئاسوودە بووین، لە کەرکووک "میوانی ناوەخت"م ئامادە کرد، بەتەواوی بۆ پرۆڤە ئامادە بوو، کاتیشمان وەرگرت کە بچین وێنەی بگرین، دوو ڕۆژ پێش کاتەکە چوومە لای محەمەد ڕەزا کە بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی کەرکووک بوو، کورد دەڵێ دار ئەگەر کرمی لە خۆی نەبێ تەمەنی هەزار ساڵە، باوەڕ بکە دەبێتە دوو هەزار ساڵیش، چووم گوتم ئەبوو ئەریج، گوتی بەڵێ کاکە چەتۆ، ئینجا منی گەلێک خۆش دەویست، گوتم ئەوە پرۆژەمان تەواو بووە، هاتووین وێنەمان بۆ بگرن، ئەحمەد عیزەددین-ی وێنەگر بنێرە، گوتی دەتەوێ تووشی گرفت و کێشەم بکەی؟ گوتم خێرە! دەستی برد لە چاوی مێزەکەی وەرەقەیەکی دەرهێنا، ناوەکەی گرت و گوتی بیخوێنەوە، تەماشا دەکەم ڕاپۆرتێکیان لەسەرمان نووسیوە، دەڵێ ئەو درامایە پێشمەرگەی تێدایە، چەکی تێدایە، کوشتنی تێدایە، ئەوەی تێدایە و ئەوەی تێدایە، گوتم ئەبوو ئەریج مەسەلەکە وا نییە، ئەوە دوو کارەکتەری ڕاوچین، پێشمەرگەی چی و حاڵی چی! گوتی نا کاکە چەتۆ وا نییە، گوتم کێ نووسیویە؟ دەسخەتەکەی نیشاندام گوتی هەر لەناو خۆتان، برادەرێکی خۆتان نووسیویەتی، هەرڕاست وەک (ماڵی نوێ)، لەناو خۆمان ڕاپۆرتیان نووسیبوو، ئەوساش نووسیبوویان کە ئەوە نووسەرەکەی سەعدوڵڵا وەنووسە، شیوعییە و لە سوریایە، ئەوەبوو ئیشەکەیان ڕاگرت.

ڕامان: دواتر چۆن چارەسەری گرفتەکەتان کرد و تۆمارتان کرد؟

چەتۆ حەسەن: بە بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنم گوت چی بکەین؟ گوتی ئەگەر دەقەکەی دەگۆڕی و بەجۆرێکی دی دایدەڕێژیتەوە، ئەوە ئامادەین وێنەی بگرین، دەنا ئاوا من خۆم تووشی گرفت و بەڵا ناکەم. زۆرم لەگەڵی گوت سوودی نەبوو، هاتمەوە بە جەماعەتم گوت، ئەوە برادەرێک لەناو خۆمان ماڵیئاوا بێ ئیستراحەتی پێ کردین، وای کرد وێنەی کارەکەمان نەگیرێت. گوتیان چۆن؟ گوتم نووسیویانە ئەوە پێشمەرگەی تێدایە و چەک و کوشتنی تێدایە، برادەرانی تیپ گوتیان باشە چارە؟ گوتم چارە هەیە، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئێوە، گوتیان چ بکەین، گوتم ئەمشەو من هەموو دەقەکە بەجۆرێکی دی هەڵدەگێڕمەوە، شتەکان بمێنن، بەڵام چەک و کوشتن و ئەوانەی تێدا نەمێنێت، ئێوە ئامادەن بە دوو ڕۆژان دەقەکە لەبەر بکەن؟ بەڵێنی دوو ڕۆژمان دەدەنێ؟ گوتیان بەڵێن بێ لەبەری بکەین و ئەگەر یەک ڕستەشی بمێنێ، دەبێ وێنەی بگرین. گوتم دە ئەوە ئەمشەو من جارێکی دی دەینووسمەوە.

ڕامان: ئەو سووربوون و بەردەوامی و پشوودرێژییە لەلای هونەرمەندی کورد زۆر جێی سەرنج و ئافەرینە.

چەتۆ حەسەن: دەبێ لێرەوە دەستخۆشی بۆ ئەوانەی بەشداربیان لەو درامایەدا کرد بنێرم، ئێستا ئەوانە هێندێکیان مردوون، کە تێیدا بەشداربیان کرد، ئەوە بوو هەموویان لەبەر کرد، چوومە لای بەڕێوەبەر و بۆم خوێندەوە، گوتم چەکم لێ دەرهیناوە، کوشتنەکەم لێ دەرهێناوە، هیچم تێدا نەهێشتووە. گوتی من بڕوات پێ

دەکەم، گوتم قەت مەترسێ، کە (ئەحمەد عیزەددین)م هێنا بەڕێوەبەر گوتی باشە دەتاندەمێ، ئەحمەد عیزەددین لەگەڵ هونەرمەند ناسر حەسەن هات گوتی وێنەتان بۆ دەگرم، هەرچەند ڕۆژێک کاتیان داینێ، لە (گڕاوێ) و لە (عەلیاوا) و لە (عەنکاوە) و لە (قۆریتان) وێنەی گرت، ئینجا ئەو (میوانی ناوەخت)ەی لێ دەرچوو، کە ئێستاش خەڵکی هەر خواخوایەتی بیبینێ و چاوی لێ بکات، بەڵام (ناسر حەسەن)یش وەک دەرهێنەری تەلەڤزیۆنی داهێنانی تێدا کرد.

ڕامان: ئەی بۆ لە دوای ڕاپەڕین هەوڵت نەدا وەک خۆی، ئەوەی یەکەم جار نووسرابوو، بیهێنیتەوە مەیدان و سەرلەنوێ تۆماری بکەیتەوە؟

چەتۆ حەسەن: ئەوسا ململانێیەک، تەحەددایەک هەبوو، دەمانویست بە هەر شێوەیەک بێ ئیشێک بکرێ و وێنەی بگرین، پاشان پێداگریم ئەو تامەی نەدەدا، چونکە ئەکتەرەکان هێندێکیان نەمابوون.

ڕامان: ڕاستە، جەوهەر باپیر شەهید بوو، هەندێکیان مردن و ئەوانی دیکەش پەرتوبڵاو بوون.

چەتۆ حەسەن: جەوهەر باپیر، ئیبراهیم حەکیم، عەلی ئەحمەد، جەلال بەیار، عەبدولواحید مەرجان، بەکر مەعرووف، ئیسماعیل عەلی، سەمیرە عەبدوک و من و چەندان ئەکتەری دی بوون کە دەوریان هەبوو، لە "میوانی ناوەخت"دا، سەمیرە عەبدۆک لە پرسەی بابیدا هات نواندنی کرد، تەنیا بۆ ئەوەی مەوعیدەکەمان لێ نەڕوات و بتوانین کارەکە بکەین.

ڕامان: گوتت لە ئیش کردن زیاتر لەوانەی بەغدا ئاسوودە بوون، ئەمەیان چۆن بوو؟

چەتۆ حەسەن: ئەوەی بەغدایە دەقمان دەنارد مۆڵەتەکەی دەهاتەوە و دەچووینە ستۆدیۆ بە تەواوی وێنەمان دەگرت، لە بەغدایە گرفتمان بۆ دروست نەدەبوو، هێندێک ئیشمان لەوێ کرد، هەرچەندە هەمووشیان عەرەب بوون، لێیان ئاسوودە بووین، "هەڵەی دەرهێنەر" لەگەڵ "مەرج" و «گوێزان» و «بۆرەپیاو» لەوێ وێنەیان گیرا، ئەوان هەموو شتێکیان بۆ دەکردین، تەنانەت میکیاج و ئەو شتانە، بۆ خۆیان بە ئۆتۆمبێل دەهاتن و پێداویستی و کەلوپەلیان دەداینێ، لەوێ گرفتمان نەبوو، ئەوە بوو ئەو غەدرەیان لێ کردین، ئەویش خەتای خۆمان بوو، کە بەهۆی زمانی زمانسووتاوێکی کە لەناو خۆمانەوە ئەو ڕاپۆرتەی نووسی، ئەو دەقە چاکە "ماڵی نوێ" کەوتە ئەرشیڤەوە.

ڕامان: ئەگەر بە ناو پێم بڵێی لەو کامێرامانانەی هاتن ئیشی وێنەگرتنی تەلەڤزیۆنییان بۆ ئێوە کرد، لە کامەیان زیاتر ئاسوودە بوون؟

چەتۆ حەسەن: ئێمە ئەوانەی بەغدایە ناناسین، تەنیا ئەحمەد عیزەددین نەبێ، "تاپۆ هەقی چییە" و "میوانی ناوەخت"ی بۆ وێنە گرتین، بەڕاستی کوڕێکی زۆر لایق و بە سەبر و بە تەحەمول بوو، ئاخر ناخۆشە هەموو جارێ بەو وێنەگرە بڵێی دووبارەی بکەرەوە، دووبارە.

ڕامان: ئەی ئێستا ئەو وێنەگر و دەرهێنەرە لە کوێیە و کەوتە کوێ؟

چەتۆ حەسەن: ئێستا ئەوە لە کەرکووکە، هەر لەوێ لە تەلەڤزیۆن ماوە.

ڕامان: هەر لە تەلەڤزیۆن مابێ چاکە، من ئاگام لێ بوو کە دەهاتە سلێمانی، هەندێ جار لە موزەخانەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆری بووم دەهاتە لای ئێمە وێنەی هەندێ بەرنامەی دەگرت، بە تایبەتی لەگەڵ فەرقەد مەلکۆ، بۆ بەرنامەی (نسمات من بلادي)، پیاوێکی هونەرمەند بوو.. وەک کەسێک کە پێش ڕاپەڕین ساڵانێکی دوورودرێژ ئیشت کردووە، دوای ڕاپەڕینیش دیمەنی دۆخەکەت لەپێش چاوە، هەموو خەڵک باسی ئەوە دەکەن کە پێش ڕاپەڕین بزاڤی هونەری تۆکمەتر و چالاکتر و پڕ داهێنانتر و حەماسیتر بوو، دوای ڕاپەڕین وردە وردە هونەرمەندان ساردبوونەوە، ئەمڕۆ خەڵک دەستی لە هونەر شوشتووە، وەک لە سەرەتاوە باسمان کرد هێندێک بەدوای بەرژەوەندیی خۆیان و ژیانی تایبەتی خۆیان کەوتوون، بەڵام هونەرمەندی ڕاستەقینە کە بەدووی داهێنانەوە بێ، لە هەر سەردەم و زەمانێک بێت، لە هیچ بارودۆخێکدا لە هونەر پاشەکشە ناکات و لێی سارد نابێتەوە، ئەو دەرفەتەی دوای ڕاپەڕین ڕەخسا، بێجگە لەو هۆکارەی باسمان کرد، چی هۆکاری دیکە هەیە وای کردبێ دوای ڕاپەڕین ئەو هونەرمەندانەی وا بردە دواوە و پاشەکشەی پێ کردن؟

چەتۆ حەسەن: پەرتەوازەیی هونەرمەندەکان هۆکارێکی سەرەکییە، لە زۆر چاوپێکەوتن کە لەگەڵیان کردووم گوتوومە پێویستە هونەرمەندەکان یەکگرتوو بن، کەس نییە حیزبێکی خۆش نەوێت، بەڵام تۆ مەبە پەراوێزی ئەو

حیزبە، لە بارەگایەک دابنیشیت و ببیت بە نووسەر و هونەرمەند، تۆ ئەکتەری و مۆلکی ئەو میللەتەی، حیزبەکەشت خۆش بوێ، ئەگەر تۆ ئەکتەرێکی باش، هونەرمەندێکی باش بیت، ئەوکاتە حیزبەکەشت دەڵێ ئەو هونەرمەندە سەر بە حزبەکەی منە، تەماشا بکەن و بزانن چۆن داهێنان دەکات، بەڵام ئەگەر ببیتە نووسەرێک لە بارەگایەکی حزبی دابنیشیت، هەرچی بکەیت پێتەوە دیار نییە، چونکە هی ئاوامان گەلێک زۆرن، دەڵێن سپاس و دەستتان خۆش بێت، ئەوە ئەرکە لەسەرتان کردووتانە، ئەوکاتی هونەرەکەت دەبێتە ئەرک، بەڵام من دەڵێم تۆ حیزبی خۆیشت خۆش بوێت و وەک هونەرمەندیش داهێنانی خۆت بکە، هونەرمەند مۆلکی ئەو میللەتەیە، تۆ بۆ ئەو میللەتە ئیش دەکەیت، بەلای منەوە ئەو شتانە کاریگەریی گەلێک زۆریان لەسەر بە پاشکەوتنی هونەرمەندەوە هەیە.

ڕامان: ئەو هونەرمەندانە ژیانێکی سەقەتی سیاسی لە کاریگەرییەکی نێگەتیڤدا بەڕێ دەکەن.

چەتۆ حەسەن: ڕاست وایە. لە خۆیشی تێک دەدا، نە لە سیاسەتەکە سەرکەوتوو دەبێ، نە لە هونەرەکەش، ئینجا ئەوە زۆر مەترسیدارە، ئێستا لێرەوە ئامۆژگارییان دەکەم، ئەگەر تۆ هونەرمەندێکی داهێنەری چاک بیت، حیزبەکەشت سەری پێت بڵندە، باست دەکات و دەڵێ ئەوە هونەرمەندی ئێمەیە. ئێمە لە جێگەیەک، لەگەڵ کاک شەوکەت شێخ یەزدین دانیشتبووین، من و سمایل بووین، گوتم مامۆستا غەمان ئەو غەمەیە کەس پێمان ناڵێ دەستتان بشکێت بۆ ئەو ئیشەی کردووتانە، نەک دەستتان خۆش بێت. گوتی وا مەڵێ، باوەڕ بکە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی بەرنامەکەی ئێوەمان (هەگبەی کوردەواری) هەڵسەنگاندووە، باشترین بەرنامەشە، گوتی گوێ مەدەنە هەندێ کەس، ئێوە ئیشی خۆتان بکەن، خزمەتی خۆتان بکەن، ئەوە بۆ مێژوو دەگێڕمەوە. بێ گومان ئەو جۆرە قسانە زۆر کاریگەرییان هەیە و کارت تێدەکەن، بەڵام خۆشە بەرپرس وات پێ بڵێ و تێت بگات، بەرپرسێک تێت نەگات سارد دەبیتەوە، تۆ هونەرمەندێکی بەرهەمەکەت پێشکەش دەکەیت، کەچی بە ئاسایی تەماشا بکرێی، لەلایەک هونەرەکەت دەڕوا، لە لایەکی دیکە ماندووبوونەکەشت بە فیڕۆ دەڕوات و زەوق و حەماسەتی کارکردنت نامێنێ.

ڕامان: بۆ شاری هەولێر دوو کەسی زۆر گرنگ هەبوون کە بە شەهید بوونیان بۆشاییەکی گەورەیان لەپاش خۆیان بەجێهێشت؛ یەکیان فرەنسۆ هەریری، ئەوی دیکەشیان شەوکەت شێخ یەزدین بوو، کە هەردووکیان پشتیوانێکی باشی هونەرمەندان و ئەدیبان و وەرزشوانان و هەموو چین و توێژەکان بوون.. ئەو بەرنامانەی کە لە تەلەڤزیۆن کارت تێدا کردوون، باسێکی ئەوانیشمان بۆ بکە، لە تەلەڤزیۆن چەند جار بەرنامەت هەبووە؟ پێش ڕاپەڕین هیچ بەرنامەت هەبوو؟

چەتۆ حەسەن: نا، نەخێر ئەوەی وێنەمان گرتوون، وەک "تاپۆ هەقی چییە" و "میوانی ناوەخت" و ئەوانە، پاش ڕاپەڕینیش لە "مەرزی و کاکەمین" بەشداریم کرد، کە نووسینی خۆشم بوو، (نامە)م نووسیوە، بەڵام نواندنم تێدا نەکرد. بۆ (تەلەڤزیۆنی کوردستان)یش بەرنامەی "هەگبەی کوردەواری"، لەگەڵ سمایل کورتە نواندنەکانمان بۆ دەکرد، هەروەها پازدە زنجیرەم بۆ تەلەڤزیۆنی کورستان نووسییەوە، وابزانم بۆ ڕەمەزان دەرهێنرا، ئەوەیان تەنیا نووسینی من بوو.

ڕامان: ناوی زنجیرەکە چ بوو؟

چەتۆ حەسەن: ناوی (شەوانی ڕەمەزان) شتێکی وابوو، شەوانی ڕەمەزان ١٥ حەڵقە بوو، کە وەک نواندن بەشداریم تێدا نەکردووە، هەر تەنیا نووسینی من بوو، ئەوان بۆ خۆیان وێنەیان گرت، دوایی "خەرمانی نیگا"، ئەوەیان بۆ خۆم وەک ئەکتەر و نووسەر و دەرهێنەری بەرنامەکەش بووم، وەک دەرهێنان و ئەکتەر بەشداریم تێدا کردووە.

ڕامان: ئەو کاتەی ئیشەکەت لە کەی تیڤی پێشکەش دەکرد، لەگەڵ ئەوەی لە تەلەڤزیۆنی نیگا پێشکەشتان کرد، جیاوازی نێوان ئەو دوو بەرنامەیە چییە؟

چەتۆ حەسەن: جیاوازییەکەی تەنیا سمایل بوو، سمایل گۆڕا بە عەولا، ئەلحەقی بۆ خودا بیلێین، (سابیر عەبدولڕەحمان)یش دەوری خۆی بە جوانی دەدیت، دیارە جێی سمایل، سەلاح محەمەد عەلی گرتییەوە، ئەو دەورە نێگەتیڤانەی سمایل دەیدیت و بینەران بۆی شێت دەبوون، سالح (سەلاح محەمەد عەلی) دەیبینی، سالحیش بەسەر دەورەکانی خۆیدا زاڵە، چونکە بە تەواوی دەچێتە ناو بابەتەکەیەوە، بەڵام وەک سمایل نییە. ئەو پشتیوانییەی لە تەلەڤزیۆنی کوردستان

دەکراین، لە تەلەڤزیۆنی نیگاش هەبوو، بەڵام جارێک لەسەر شتێک نزیکەی دوو مانگ بەرنامەکەم ڕاگرت، بۆیە دەڵێم ڕێبوار یەڵدا، یادی بەخێر، دەیگوت مامۆستا چی دەوێ و چ دەڵێ، هەمووی بۆ دابەزێنن، چونکە من بۆخۆم زۆر متمانەم پێیەتی، تەحسین دۆڵەمەڕیش یادی ئەویش بەخێر، هەروەها هێرش یووسف، ئەویش وەک بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای ڕەنگار تەخسیرییان لەگەڵمان نەکرد.

ڕامان: ڕەنگار وەک کۆمپانیا خاوەنی تەلەڤزیۆنی نیگایە؟

چەتۆ حەسەن: ڕەنگار کۆمپانیاکەیە، نیگاش تەلەڤزیۆنەکەیەتی، ئێستا بووەتە نیگای منداڵان و نیگای دراماش هەیە. لەسەر ئافرەت کێشەیەک کەوتە نێوانمان، گوتیان با ئافرەتتان لەگەڵ بێت، ئیدی ئەوە خەڵک پێشتر وای کردووە، ئەوەبوو ئێمەش لەگەڵ سمایل وامان کرد، جارێکیان سمایل دوو حەفتە ئافرەتێکی هێنا، بینەرێکی زۆر دەیانگوت مامۆستا خۆزگە ئەو ئافرەتەتان لەگەڵ نەبوایە، بۆیە گوتم ئافرەت بەرپرسیارەتییە، بەرنامەکەم دوو مانگ ڕاگرت، چەندجار برادەران هاتنە ماڵێ، دیارە پەیامەکەی من گەیشت، کە بۆچی من ئافرەت لەگەڵ خۆم نابەم، گوتم من ئەو بەرپرسیارەتییە قبووڵ ناکەم، ئافرەت سەعات شەش لەگەڵ من بێتە دەشتێ، حاشا ئینسانی ناپەسند گەلێک زۆرن، خوا نەکات شتێک ڕوو بدات، من ئەو بەرپرسیارەتییە ناگرمە ئەستۆ، دراماکانی ئێمە ئافرەتیان تێدایە، بەڵام کەسی سێیەمە و دیار نییە، بۆ نموونە دەڵێم کوڕم هەڵێ (ڕاکە) بە دایکت بڵێ شیو (چێشت) لێبنێ، ئەوە میوانمان هاتووە، ئەوە ئافرەتەکە هەیە، بەڵام بڵێی هەر دەبێ ئافرەتەکە ببینی، ئەوەمان نییە، ئەوجا ئەوان لە هەردوو لاوە بۆمان باش بوون، واتە قەت تەگەرەیان نەخستووەتە ئێشمانەوە، لەوەی تی ڤی زاگرۆس نەبێ، کە بەڕێوەبەرەکەی لێمان تێنەگەیشت.

ڕامان: هەست دەکەن ئێستا لایەنگرتان وەک جاران بۆ دروست نابێ؟

چەتۆ حەسەن: بەڵێ، لایەنگرمان ماوە، بەڵام پەخشمان وەک جاران نییە، ئەگەر پەخشەکە هەبێ گرفتمان نابێ، چونکە پەخشی تەلەڤزیۆنی کوردستان کە ئاسمانیش نەبوو دەگەیشتە ئێرانیش، لە سنوور دەپەڕییەوە. ئێستاش هەوڵ هەیە، ڕۆژێک لە سلێمانییەوە تەلەفۆنیان بۆ کردم، گوتیان ئێمە جەماعەتی ئاسایشین لە سلێمانی، دەستخۆشیت لێ دەکەین، حەڵقەی دواییت بڵاو کردەوە بینیمان، بۆ نایەیتە لای ئێمە، پێم گوتن بەڵێن بێ هەر دێم، بەڵام ناوونیشانێک، شوێنێکم پێ بڵێن، ئیتر ئەو بارودۆخەی بەسەردا هات و پێمان نەکرا بچین، ئەوە مانای وایە پەخشی نیگا دەگەیشتە ئەوێش.

ڕامان: یەکێک لەو شتانەی کە هونەرمەندانی کورد سکاڵای لە دەست دەکەن، کەمیی بینەر و لایەنگرە، کە پێش ڕاپەڕین لایەنگرێکی زۆر باش و جۆرێمان هەبوو، بە هەر نرخێک بوایە خۆی دەگەیاندە بینینی شانۆگەرییەکان و شانۆ بینەرێکی باشی هەبوو، کۆنێسرت و ئاهەنگە مۆسیقییەکان لایەنگریان هەبوو، لە دوای ڕاپەڕین ئەوانیش تۆران، لە شانۆکان دوور کەوتنەوە، ئەگەر بمانەوێ جارێکی دی ئەو گەرموگوڕی و حەماسەتەی جارانی بینەران و لایەنگران دروست بکەینەوە، چۆن دەست پێ بکەین، یان چ بکەین باشە؟

چەتۆ حەسەن: نووسەرێکمان دەوێ (حەمەدۆک)، (قەڵای دمدم)، (ئەفسانەی چیای ئاگری)، (خەج و سیامەند) و ئەوانەمان بۆ بنووسێتەوە، تا هیوایەک بۆ شانۆ بگەڕێنینەوە، گوڕێکیش بێنینەوە ناو دڵی ئەو خەڵکە، ئەو دۆخەش هەروا نابێت، هەر بەرتەنگییەک ئاسۆیەکی لە دووە تا ئەو خەڵکە دڵی خۆش بێتەوە و ئەو شاکارانەش بنووسرێنەوە. ئەوانەی کە کاتی خۆی دەکران، لە پاش ڕاپەڕین ئەو جۆرە کارانە نەمان، تەنیا بوو بەوەی نەهێڵێن بەلەمەکە نقوم بێ، ئەمڕۆ شانۆی کوردی بە پینەکردنە، پینەیەک لەوێ بدە، پینەیەک لێرە بدە، ئەو جۆرە شانۆیانە تینوێتی و بڕی بینەران ناشکێنێ، بۆ یەک شەو نمایش دەکرێن و سبەینێ تەواو دەبن، لە "لۆ تێم ناگەن" بینەران دەرگەیان شکاند، دەرگەی هۆڵەکەیان لێ کردەوە، خۆی دەبێ شانۆگەری ئەوها بێت، خەڵک بۆ لای خۆی ڕابکێشی، شانۆیی لەو جۆرە نیشان بدرێ کە شاکار بێت، ئەوسا خەڵکەکە وردە وردە دەگەڕێنەوە، شانۆش وەک خۆی لێدێتەوە.

ڕامان: دەتەوێ بڵێی شانۆ وابێ کە بینەران خەمی خۆیان تێدا ببیننەوە؟

چەتۆ حەسەن: ڕاست وایە، لەگەڵ ئەوان بێ، لەگەڵ کۆژان و موعاناتیان بێ.

ڕامان: شارەزایان دەڵێن بزاڤی شانۆ کاتێک دروست دەبێت، کە بە بەردەوامی پێشکەش بکرێ، بە ساڵێک،

دوو ساڵ جارێک شانۆگەرییەکی تێدا پێشکەش بکرێت، یان بە شەش مانگ جارێک شانۆگەرییەک پێشکەش بکرێت، بزاڤی شانۆیی دروست نابێ، چونکە لەو حاڵەدا ئەوە بوون و نەبوونی وەک یەکە. باشە دەوری وەزارەتی ڕۆشنبیری، سەندیکای هونەرمەندان و ئەرکی سەرشانیان لەو بزاڤەدا کە جارێکی تر گەرموگوڕی بدەنەوە شانۆ و وەک جاران حەماسەتی خەڵکەکە دروست بکەنەوە چییە؟ یان تۆ لەم ڕووەوە چەندە بە کەمتەرخەمیان دەزانی؟

چەتۆ حەسەن: دەبوو وەزارەتی ڕۆشنبیری/ بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆ و سەندیکای هونەرمەندان چالاکی و جموجووڵیان لەوە زیاتر بوایە. کاریان کردووە، زۆر شتیان کردووە، بەڵام بەو جۆرە نەبووە شانۆ بگەڕێتەوە سەر دۆخی جارانی، یان هونەرمەند پشتگیرییەکی وا بکرێت کە ژیانی بگۆڕێ. کاتی خۆی پرۆژەیەکیان ئامادە کرد، بەناوی قانوونی خانەنشینیی هونەرمەندان، زۆر خەریک بوون، دواجار ئەوەشیان پێ جێبەجێ نەکرا. ئەوەی وا لە هونەرمەند دەکات داهێنان بکات، پشتگرتن و دەست لە پشتدانە، تۆ جێگایەک هەبێ دەستت بگرێ و هانت بدات، ئەوە بێ گومان داهێنان لە هاندان و دەستگیرۆییە. تۆ شتێک دادەهێنی، کە کەس پێشتر خۆی تێنەگەیاندووە، ئێستا دەڵێی بۆ کێی بکەم؟ هیچی دی کار ناکەم، پێی ناوێ، بۆ خۆم ماندوو بکەم؟ سارد دەبیتەوە.

ڕامان: دەوری سەندیکای هونەرمەندان چۆن تێدەگەی؟

چەتۆ حەسەن: سەندیکای هونەرمەندان ئەو دەورەیان نەبووە، کە خواستی هەموو هونەرمەندان، بەتایبەت نەوەی یەکەم، ئەوانەی کە لە تەمەنی ئێمەدان بەدی بهێنێ، کاتی خۆی چەند عەردێکیان داینێ، نەیانتوانی ئەوانەمان بەناوەوە بکەن، پاشان لێیان ستاندینەوە. ٤٢ هونەرمەندی بە ئەزموون و شارەزا، ئەوانەی تەمەنیان لەسەرووی شەست و حەفتایە، عەردیان داینێ، دواتر کارتەکانیشیان لێ ستاندینەوە. ئەوەی کە گوێم لێبووە دەیڵێمەوە، یەخەی یەکێکم گرت و پێم گوت، بەرپرسیشم لە قسەی خۆم، ئەرێ برا ئەو عەردانەتان بۆ بە ناوەوە نەکردین؟ گوتی جەماعەتی سەندیکا هاتن گوتیان تەنیا ئەو چەند ناوەمان بۆ بەناو بکەن، دەنا هەموومان بەناوەوە دەکردن، ئەوان هاتن داوای ڕاپەڕاندنی کاری ئەو چەند ناوەیان کرد، ئەوەی دیکە مایەوە.

ڕامان: باسی سەندیکای هونەرمەندانمان کرد، بۆ ئەوەی هونەرمەند باشتر بپەرژێتە سەر کاری هونەریی خۆی پێویست بوو بۆ بژێوی پشتیوانی و داکۆکییان لێ بکات، تۆ لەم بارەیەوە قسەمان بۆ بکە.

چەتۆ حەسەن: ئەوەی دەیڵێی وایە، ئەگەر هونەرمەند پشتگیری نەکرێت و دڵی خۆش نەبێ و دەست لە پشتی نەدرێت، داهێنان ناکات. جارێک داهێنان دەکات، دووجار، جاری سێیەم ئەگەر وازیش نەهێنێت، لەجێی خۆی دەوەستێت. ئەو گوڵەی کە وردە وردە خەریکە دەپشکوێ، ئەگەر ئاو نەدرێ و خزمەت نەکرێ سیس دەبێت.

ڕامان: سەندیکای هونەرمەندان دەبووایە لە مەسەلەی وەرگرتنی زەوییەکان پاڵپشتتان بێ، نەک پێشنیاری لابردنی ناوی ئێوە بکات.

چەتۆ حەسەن: ئەو عەردانەی کەوا درا بە هونەرمەندان، ئێمە ٤٢، یان ٤٣ هونەرمەند بووین، کە ئەغڵەبیشیان بە دەم چاوەڕوانییەوە مردن، ئەو عەردەمان هەر وەرنەگرت و بە حەسرەتی ئەو کارتەوە عەبدوڵڵا پشدەری مرد، کارتەکەی لەدوای خۆی بوو بە میرات، عەبدوڵڵا دڵسۆز کارتەکەی بوو بە میرات، یوونس خەتات نازانم ناوی تێدا بوو، یان نا، ئەوانە وردە وردە وا دەمرن و نامێنن و عەردەکانیشیان لێ ستاندنەوە و نەیاندانێ، گوتیان ئێوە سوودمەند بوون، لە کاتێکدا عەردەکانی کاتی خۆی وەریانگرتبوو، فرۆشتبوویان و هەموو پارەکەیان بە گەنم دابوو تا بیدەنە منداڵەکانیان تەنیا بۆ ئەوەی لە برسان نەمرن، عەرد ئەودەم پارەی نەدەکرد، عەربەی گەنم بە دوو هەزار دینار بوو، ئەوکاتی کە درابوو بە ئەوان، ئەو عەردە دوو هەزار دیناری نەدەکرد. باشە بۆ ئێوە ئیشەکە گەورەتر ناکەن و پیاوەتییەکی وا ناکەن خەڵک هەر بە باشە باستان بکات؟ ئێستاش ئەوە لەبیر ناکەین، من هەر جارێک ئەو کارتەی هەشتی حەسارۆک لە ماڵێ دەبینم کە وێنەم لێ گرتووە خەفەت دەخۆم، ئەوجا لە جێیەکی چەندە باش بوو.

ڕامان: هەوڵتان نەدا دەنگتان بگەیەننە شوێنێک کێشەکەتان چارەسەر بکات؟

چەتۆ حەسەن: وتارێکم لەسەر شارەوانی نووسی و لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاوم کردەوە، ئافرەتەکەی سەر کۆمپیووتەری شارەوانی تووڕە بوو، گوتی ئەوە چیت لەسەرمان نووسیوە؟ شتێکی گەلێک جوانم نووسیبوو، بە

ناوی ئەو هونەرمەندانەی وا گوتیان سبەینێ وەرن عەردەکان بەناوتانەوە دەکرێ، سبەینێ چووین، یەکیان هاتە دەرێ گوتی مەچن، گوتی بۆ؟ گوتی ئەگەر ئازای دەچییە ژووری کۆمپیووتەر؟ دەڵێ ئێمە سوودمەندین، وەری ناگرین، دەڵێ ڕاست قەدەمی شکا، هاتەخوارێ و چۆکی ساف کرد و دانیشت، کە دەچێتە دەرەوەش، تووشی هونەرمەندێکی دی دەبێ، دەڵێ ها چییە؟ دەڵێ کاکە گوتیان لەبەر ئەوەی ئێمە پیر بووینە، نە پێرادەگەین عەردەکە بکەینە خانوو، نە پێرادەگەین بیفرۆشین و پارەکەی بخۆین، بۆیە بە شتێکی باشتر گۆڕیویانە. گوتی بە چی؟ لە وەڵامدا گوتی بە دووسەد مەتر لەلای کارگەی قەبرستانی مەعمەل قیڕ، گوتیان ئەوە بەکەڵکی دنیا و قیامەتتان دێ، هەر بزانە چوونە ئەوێ. کە ئەوەم لە ڕۆژنامە بڵاوم کردەوە، تووڕە بوون، ئەو کچەی سەر کۆمپیووتەر لە شارەوانی، چەند جاری دەچووم دەیگوت تۆ سوودمەندی و زەوی وەرگرتن ناتگرێتەوە، ئەوجا گوتم دایکم، مشکۆ گۆرانییەکی هەیە دەڵێ، لەپاش مەرگم چ فایدە بێنە سەر قەبرم. عەردەکان ڕۆیشتن و ئێستا و ئێستاش کەس لێی نەپرسییەوە.

ڕامان: ئەرکێکی دیکەی سەندیکای هونەرمەندان داکۆکیکردنە لە هونەرمەندان، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە لەسەر کاری هونەری تووشی سەرئێشە و گێچەڵێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و هونەری دەبنەوە، تا ئێستا ئێوە هیچ تووشی حاڵەتێکی وا بوونە، کە تووشی لێپێچینەوە بن، یان کێشەیەکتان بۆ دروست بووبێ و سەندیکای هونەرمەندان داکۆکییان لە ئێوە کردبێ؟

چەتۆ حەسەن: نەمبیستووە و تووشیشم نەبووە، ئیشەڵلا ئینسانی ڕۆشنبیر و هونەرمەند دوورە لەو گرفت و کێشانە و نەشم بیستووە.

ڕامان: بێینە سەر ئەو دەزگا گەورەیەی کە هەم هونەرییە و هەم ڕۆشنبیریی گشتییە، کە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەنجامدانی کاری هونەریی خۆیان چەند هاوکارییی هونەرمەندان و داهێنەران بووە؟

چەتۆ حەسەن: ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوە و ئەوانە کردی، ئەوەندەی ئاگام لێبوو، درێغی نەکرد، کە سەردار میران لەوێ بوو، زوو زوو دەچووم بۆ لای، دەمزانی جووڵەیەک هەیە، ئەوکاتە نووسەران پشتگیری دەکران، وەزارەت بە ڕێزگرتنەکە پشتگیریی هونەرمەندان بوو، ئەو هونەرمەندانە هەرکەسەو بەقەدەر خزمەتی خۆی ڕێزلێنان دەیگرتەوە، بەڵام بەداخەوە شتی وا هاتنە ناو لیستەکەوە هونەرمەند شەرمی دەکرد بچێ بۆ پارەی ڕێزلێنانەکەی. کەسی وا هەبوو لە ماڵەوە دانیشتبوو دەیگوت ئەرێ قەدرگرتن! هاتووە، وای لێهاتبوو کابرا نەیدەزانی ڕێزلێنانیش چییە، دەیگوت ئەرێ قەدرگرتن هاتووە، پێم دەگوت ئا کاکە ئا، بڕۆ وەریگرە، تا وایان لێ کرد و ڕایانگرت، چونکە ژمارەی هونەرمەند بووە دوو قاتی خۆی، خۆ ئەوەندە هونەرمەندە لە کوردستاندا نییە، ئیدی لە خۆشیان تێک دا و ڕایانگرت، بەمە لە قەلیشیان کردین و لە کۆتریشیان کردین.

ڕامان: ئەو پێوەرانەی کە بۆ ڕێزلێنان دانرابوون لاواز بوون، هەر وەزارەت خۆی پێوەرەکانی دانابوو، دەبوایە خۆیان ڕێسای وا دابنێن، نووسەر و هونەرمەندی ڕاستەقینە، لەگەڵ کەسانی لاییدە جیا بکەنەوە.

چەتۆ حەسەن: لیژنەشیان دانا، ئێمە یەکێک لە ئەندامەکانی بووین، شتێکی گەلێک پوخت و کورت بوو، ئەوەی هونەرمەندە و ئەوەی مێژوویەکی هەیە و بەردەوامیشە، ئەوانەمان هەموو بۆ ساغ کردنەوە، نازانم بۆ وای لێهات، ئەو ڕۆژەی گوتیان ڕێزلێنان نەما، کەسی وا هەبوو دەگریا، دەیگوت من بە چی کرێ خانوو بدەم؟ بەستەزمانە لەسەر ئەو سێ سەد هەزارەی کە وەریدەگرت دەژیا، لەوانیشیان بڕی، ئێستا نەماوە، ئەوانەی ماون تەنیا ئەوانەن کە مووچەیان نییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەوانەی دەدات، ئەویش جارێ ئەوە بارودۆخەکەمان ئاوایە، هیوادارین چاک بێت.

ڕامان: ئەی باشە وەزارەتی ڕۆشنبیری بێجگە لەو پڕۆژەی ڕێزلێنانە، دامودەزگای هونەری هەیە، وەک بەڕێوەبەرایەتیی سینەما و شانۆ، بەڕێوەبەرایەتیی هونەری مۆسیقا و هونەرە میللییەکان، تیپی ئۆرکیسترای کوردستان، ئەوانە هەمووی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرین، کاریگەریی ئەو دامودەزگایانە بۆ سەر بزاڤی ڕۆشنبیری و هونەری چۆن تێدەگەی؟

چەتۆ حەسەن: ناوە ناوە گوێم لێ دەبێت، تیپی شانۆ دەچنە دەرێ و دێنەوە، هەن دێنە ئێرە و نمایشی خۆیان دەکەن، ئیدی ئەو شتانە هەن، ئۆرکستراشمان هەیە، نازانم ئێستا پشتگیری دەکرێ یان ناکرێ. وەزارەتی ڕۆشنبیری پارەی چاکی بۆ کاری هونەری خەرج کردووە، من ئاگام لێیە چەندجار بە ملیۆنان و ملیار پارەی خەرج

کرد، بەڵام چ بکەن ئەگەر شتی چاکی پێ نەکرێت و نەکەوێتە قاڵبی هونەر و نەچێتە خانەی هونەرەوە، خەفەتەکە لێرەیە، ئەوەی سەرپەرشتیی کارەکە دەکات، لەگەڵ ئیشەکەی خۆی ڕاست نییە و وادەکات پارەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیریش بەخەسار بچێت و هیچ سوودی نەبێت، بۆیە بە هەدەر دەچێت و لە ئەرشیڤی هونەری کوردیش نامێنێت.

ڕامان: تۆ بۆخۆت تا چ ڕادەیەک پێوەندی، یان هاوکاریت لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی سینەما و شانۆدا هەیە؟

چەتۆ حەسەن: پێوەندییەکە تەنیا مەرحەبایەکە.

ڕامان: واتە تا ئێستا کارێکی هونەریت لەگەڵ نەکردوون؟

چەتۆ حەسەن: نا نا، لەبەر بەرنامەکەی خۆم نەمتوانیوە بچم بۆ لایان، تەکلیف کراوم، بەڵام دەڵێم ببوورن، من بەرنامەیەکم هەیە، ئامادەکردنە، دەبێ ئیشی ورد و درشت و ئەملا و ئەولا بکەین، تا ئامادەی دەکەین و تا دەچین پێم ناکرێت، بەڕاستی دەترسم وەعدە بەخیلاف دەربچم و نەتوانم کاری دی بکەم.

ڕامان: نیازت نییە دوای ئەوەی ئەو بارودۆخە هێور بووەوە، پێوەندییان پێوە بکەیت و یەکێک لە کارە شانۆییەکانت لەگەڵیان بخەیتە سەر شانۆ، یان درامایەکانت بۆ تەلەڤزیۆن تۆمار بکەیت؟

چەتۆ حەسەن: بەڵێ دەکرێ، ئەگەر ئەو دوو دەقەی کە پێشتر گوتم هەیە، چونکە بەردەستە، ئەگەر بارودۆخەکە هێور بێتەوە و ئەو قەیرانە بڕوات، لەباری ماددییەوە بەخۆ بێینەوە و ببووژێینەوە، ئەوە دەقەکان پێشکەش دەکەم، چ ئەوەی دوو سەعاتییەکە، چ ئەوەی ٢٥ حەڵقەییەکە بێت، تا ئیشی تێدا بکرێت و بێتە کایە، یانی خەڵک بیانبینێت، یەکەمیان بابەتێکی زۆر هەستیارە، بابەتێکی گەلێک گەورە لەسەر شان هەڵدەگرێت، ئەوی دیکەشیان مێژوویەکە، بابەتێکی گەلێک خۆشی تێدایە، ئەگەر بکرێت جێ دەگرێ.

ڕامان: وەک خۆت زیاتر مەیلت بەلای کاری درامای تەلەڤزیۆنییە، یان شانۆ؟ زیاتر چێژ لە کامیان وەردەگریت؟

چەتۆ حەسەن: تەلەڤزیۆن، دەزانی بۆ؟ دەرفەتی داهێنانی زیاترە و ماندووبوونی کەمترە و دەچێتە هەموو ماڵێک، ئەوجا ئێستا تەلەڤزیۆنی جاران نییە، ئێمە تا "هەڵەی دەرهێنەر"مان وێنە گرت مردین، هەڵەیەک دەکرا، دەبوایە بگەڕێینەوە سەرەتا و سەرلەنوێ فیلمەکە بگەڕێنینەوە، ئێستا وانییە، لە تەلەڤزیۆن دیالۆگ بە دیالۆگ وێنە دەگیرێت و دەتوانین ئەو دیالۆگە بە جۆرێکی دیکە، بە ئیقاعێکی دی، دووبارە بکەینەوە، بەڵام شانۆ وانییە، لەشانۆدا کە دیالۆگ لە دەم دەرچوو، ئیتر تەواو، ئەوە نییە تۆ بڵێی ڕاوەستە، وانییە و با بگەڕێینەوە، بەڵام چێژی تەلەڤزیۆن ناگاتە شانۆ، شانۆ جۆرە خۆشەویستییەکی هەیە، جۆرە چێژێکی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووە، ئەگەر ئەکتەر داهێنەر نەبێت، ناتوانێ ڕووبەڕووی بینەر ببێتەوە، بۆیە ئیشەکەی تەلەڤزیۆن ئاسانترە.

ڕامان: تۆ پێتوایە ئێستا لەناو کوردستان ئەو کادیر و هونەرمەندانە پەیدا بووبێتن کە لە شوێنی خۆیان بزانن بە چاکی هەڵسوکەوت لەگەڵ کامێرادا بکەن، چونکە تەلەڤزیۆن تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئەکتەرێک کە بۆ شانۆ کار دەکات، خەسڵەتی ئیشی ئەو جیایە، پێتوایە ئەو ئەکتەرە پەیدا بووبێت کە چووە پێش کامێرا هەست بکات ئەوە بۆ کامێرا ئیش دەکات و لێرە ئیش بۆ شانۆ ناکات، چونکە من هەست دەکەم ئەو ئەکتەرانەی کە لەسەر شانۆ ئیش دەکەن، کاریگەریی دەرهێنەرەکەیان لەسەر ماوە و ناتوانن بە تەواوی هەڵسوکەوت لەگەڵ کامێرادا بکەن؟

چەتۆ حەسەن: ئێستا کادیری باشمان هەیە، بەهیوام باشتریش بێت. خۆی لەپێش کامێرا دوو شت هەیە؛ یەکەم؛ ئەکتەر نەترسێ و شەرم نەکات، چونکە سەرەتا تا لێی ڕادێ کاتی دەوێ، پاشان دەورەکەی خۆی لەبەر کردبێت و قاڵبەکەی خۆی وەرگرتبێت، واتە بە تەواوی چووبێتە ناو کەشەکەی. مانای داهێنان چییە، داهێنان ئەوەیە کە تۆ دەقت لەبەر بێت و کەسایەتییەکەت قبووڵ بکەی.

ڕامان: شتێکی زۆر گرینگتر، جۆری هەڵسوکەوتە لەگەڵ تەکنۆلۆژیا، تۆ دەزانی لەباتی ئەوەی هەندێ جار بە دەنگ گوزارشت لە حاڵەتێک بکەی، ئەو کامێرایە دێتە سەر سیما و دەموچاوت، ئەوە تووڕەبوونە، هەندێ حاڵەتی ئینسانییە، ئەو نواندنە بەهۆی دەموچاوت دەریدەبڕێ، ئەوکات دیالۆگی زۆری ناوێ؟

چەتۆ حەسەن: ئەکتەرمان هەیە ئێستاش کاریگەریی شانۆی لەسەر ماوە، دەبێ لەو قاڵبە دەربێت، لەبەر ئەوەی شانۆ زۆر کاری لێ کردووە، شکور ئێستا ئەو

ئەکتەرە باشانە هەن، ئەکتەرەکانمان بەو جۆرەی پێویستە پێڕادەگەن، هیوادارم درێغی نەکەن و جێی ئێمە بگرنەوە.

ڕامان: تۆ لە خانەی مامۆستایان خوێندووتە، واتە بە شێوەیەکی ئەکادیمی شانۆت نەخوێندووە، هەستت بەوە کردووە کەموکووڕی لەتۆدا هەیە، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە نواندن دەکەی، بۆ شانۆ، یان درامایەکی تەلەڤزیۆنی دەنووسیت؟

چەتۆ حەسەن: ئەگەر شانۆ بێت و کەموکووڕیت هەبێت، دەرهێنەرەکەت پێت دەڵێت، دەڵێ تۆ ئاگات لێ بێ جووڵەت، یان دەنگت، یان تۆن و ئەو شتانەت تەواو نییە، تا ئێستا ئەوەندەی نواندنم کردبێت، لەسەر شانۆ ئەو کەموکووڕییەم نەبووە، ڕێنوێنی دەرهێنەرم بە جوانی جێبەجێ کردووە و چوومەتە ناو دەورەکەم و بە دیالۆگ و بە هەموو جووڵەیەکەوە دەورەکەی خۆم بەجوانی بینیوە. بۆ تەلەڤزیۆنیش ئەزیەتی تێدا نییە، ئێستا وێنەت دەگێرێت، کە بینیت دیمەنێکت بەدڵ نییە دووبارەی دەکەیتەوە، من گەلێک جار بە جەماعەتی خۆم دەڵێم، ئەو دیالۆگە بڵێ، کە ئیلقای دەکات و دەزانم ئیلقاکە ئەوە نییە کە من دەمەوێ، دەڵێم ڕاوەستە، بەو جۆرە بیڵێ، ئەوها نییە، ئەوە ئەو مانایە نادا کە تۆ لێرە ئەدای دەکەی، چونکە دەربڕین هەیە، بۆ نموونە "ئەرێ کاکە بۆ ئەوە دەکەی!"، یان "ئەرێ برام تۆ بۆ ئەوە دەکەی!" بێ گومان تۆنی دەنگ و تەعبیرکردنەکە جیاوازییان هەیە.

ڕامان: بەڵام زۆر کەس هەن کە قسە دەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی دەرچووی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانن، یان پەیمانگای هونەرە جوانەکانیان تەواو کردووە، بە وانەی کە بە شێوەی ئەکادیمی نەیانخوێندووە دەڵێن ئەوانە ئەکادیمی نین، وەک بڵێی ئەوانە چەند پلەیەک لە خوار ئەکادیمییەکانەوە بن؟

چەتۆ حەسەن: ئەمە وانییە، ئەوەی کە ئەکادیمییە ناگاتە یەکێک کە لەسەر شانۆ پێگەیشتووە، ڕەنگە بچێتە ناو لایەنە زانستییەکەی، لایەنی تیوریت بداتێ، بەڵام کە هاتە سەر کردەوە، ناتوانێ دوو دیالۆگ بە پوختی دەربڕێ، وەک ئەو ئەکتەرە نییە کە لەناویدا قاڵ بووە، بەلامەوە ئەوە ڕاست نییە، بڵێی ئێوە ئەکادیمی نین، ڕاستە لەوانەیە ئەکادیمییەک دوو سەعات بتوانێ بەشێوەی زانستی قسە لەبارەی شانۆوە بکات، بەڵام کە هاتە سەر شانۆ، ڕەنگە نەتوانێ ڕووبەڕووی بینەری شانۆ ببێتەوە.

ڕامان: ئەوانەی کە بە خۆرسک پێگەیشتوون و نواندنیان کردووە، یان ئیشی شانۆیی و دراماییان کردووە، ئەوانە کەسانێکن قاڵبووی ناو ئەزموونی خۆیانن و توانیویانە سوود لە ئەزموونەکانی دەوروبەری خۆیان وەرگرن، پێتوایە ئەوانە کە لەژێر دەستی دەرهێنەرەکان ئیشیان کردووە، بە تەواوی سوودیان لێ وەرگرتبن؟

چەتۆ حەسەن: معاونێکی پۆلیس، کە لە دەورە دەرچووە و خوێندوویەتی و بووەتە معاون، جیاوازی لەگەڵ زانیاریی ئەو پۆلیسە هەیە کە بە ئەزموونی پۆلیسیی خۆی بووەتە معاون، ئەو یەک کۆمەڵ ئەزموونی لە ژیاندا بینیوە، ئەوەی دی بە دەورە بووەتە معاون، ئەوە جیاوازی هەیە، ئەو ئەکتەرەی کە لەسەر شانۆ گەورە بووە و پێڕاگەیشتووە و هاتووە، جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بە ئەکادیمی فیلمی دیتوە و هاتووە قسەی زانستی دەکات، لەوانەیە بە قسەی گەورە گەورە و زانستیانە لەسەر شانۆ بتشواتەوە و لەسەر ئەکتەر و لەسەر تەکنیکی سناریۆنووسین زۆر قسەی پێ بێ، بەڵام ئەوەی کە تێیدا قاڵ بووەتەوە جیایە، دەڵێ "اسأل المجرب ولا تسأل الحکیم."، واتە پرسیار لە ئەزموودار بکە، نەک لە حەکیم.

ڕامان: بەڵێ شتێکی وا لای عەرەبەکان هەیە، بەڵام لە بواری کاری هونەری شێوەکاریش هەر وایە و بۆ ئەوەش خوێندنی ئەکادیمی گرنگە، یەکێک (ڕوانگە-مەنزووڕی) نەخوێندبێت، (توێکاری-تەشریح)ی نەخوێندبێت، ڕەنگە نەتوانێ بەباشی لەگەڵ ڕەهەندەکانی تابلۆکەی، دووری و نزیکی بە دروستی مامەڵە بکات و گەورەیی و گچکەیی فیگەرەکان بە قەبارەی ڕاست دابنێ.

چەتۆ حەسەن: بە بڕوای من لەوێش ئەو حاڵەتە هەیە. هونەرمەندی شێوەکار هەیە لە گچکەییڕا، لە سەرەتاییەوە ئیشی کردووە، کاری شێوەکاری کردووە، هاتووە و هێناویەتی تا بووەتە هونەرمەندێکی شێوەکار، بۆیە مەرج نییە ئەوەی لە پەیمانگا دەرچوو، بتوانێ بەبێ نەقڵکردن تابلۆیەک دروست بکات، دەبینی تابلۆت بە گوێزانەوە و لاسایی بۆ دەردێنێ، بەڵام پێی بڵێ وەرە ئەو تابلۆیەم ڕاستەوخۆ لە سروشتەوە بۆ بکێشە، ڕەنگە نەتوانێ، چونکە فێربوون نایکاتە هونەرمەند، تەنیا ئەزموون و ئیشکردنی بەردەوام پێی دەگەیەنێ، ئەوەی کە کەوتە ناو ئیش و تێیدا قاڵ بووەوە، ئەوە دەیکاتە ئەو هونەرمەندەی کە بۆخۆی دەیەوێ، ئەوجا ئەکتەری شانۆ بێ، یان شێوەکار بێت.